# دڵەڕاوکێی بوون لە نێوان شیعر و فەلسەفە لەلای هایدیگەردا
# بە نموونەی شیعری ساڵی سفری سەباح ڕەنجدەر

**ID No. 203**

(PP 178 - 194)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.11

**شەرمین ئیبراهیم عەزیز**    **محەمەد بەکر محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

shrmen.azeez@su.edu.krd    mohammed.bakir@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/02/22**

**پەسندکردن : 2022/03/28**

**بڵاوکردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

دڵەڕاوکێی بوون وەك ئەلەمێنتێکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی بوونگەرایی (مارتن هایدیگەر)دا ، ڕۆڵیکی کاریگەر لە ئەفراندنی پێکهاتەی فرەلایەنی "ڕاستیی بوون "دا دەگێڕێت، بۆیە بە پێویست زاندرا ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخان بکرێت بە ناونیشانی ( دڵەڕاوکێی بوون لە نێوان شیعروفەلسەفە لەلای هایدیگەردا - بە نموونەی شیعری"ساڵی سفر"ی سەباح ڕەنجدەر) .

ئێمە پاش تاوتوێکردنی بابەتەکە و ڕوونکردنەوەی بنەما ئەنتۆلۆجییەکانی دڵەراوکێی بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا، بۆمان دیاربوو، کە ئەو ئەلەمێنتە سێ ئەرکی بنەڕەتی لە گەڵاڵەکردنی چەمکی ڕاستی لە دیدی هایدیگەرەوە دەستەبەردەکات کە بریتین لە :

١- گەیشتن بەڕاستیی بوون.

٢- دەستەبەرکردنی ئازادی بوون.

٣- (نەبوون)وەکو هۆکاری تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە.

ئەمانەش هەموو لە پرۆسەی شیعر و زمانی شیعردا کە بەبۆچوونی هایدیگەر زمانی ڕەسەنی ئاشکراکردنی ڕاستیی بوونە، کە بە شیکردنەوەی نموونەی پێویست لە دیوانی (ڕەنجدەر) ئەو ئەرکانەمان سەلماندووە .

**کلیلە وشە:** دڵەڕاوکێی، بوون، دڵەڕاوکێی بوون، هایدیگەر، ڕاستی بوون.

## 1. پێشەکی

ئەگەر فەلسەفە خۆشویستنی حیکمەت بێت و فەیلەسووفیش ئەو تاکە بێت، کە زیادەیەک بخاتە سەر فەلسەفەی مرۆڤایەتی، هەروەها هزری فەلسەفیش لەڕێگەی پرسیارکردنەوە بەدوای بوونی خۆیدا بگەڕێت، ئەوا ئەدیب و ئەدەبی فەلسەفیش بە شێواز و ئاستی هونەری گوزارشت لەو فەلسەفەیە دەکات، دەتوانێت سوودێک بە خودی فەلسەفە بگەیەنێت و ببێتە دەروازەیەک بۆ مرۆڤەکان تاکو خۆیان لە  تاک ڕەهەندی و وەڵامی بنەبڕو موتڵەق بەدوور بگرن. لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی بەتایبەتی و هونەر بەگشتی شێوازێکی گونجاوی دەربڕینی هزری فەلسەفییە. هایدیگەر، کە فەیلەسوفێکی دیاری ئەو بوارەیە ئێمەش لەو سۆنگەیەوە هەوڵی نووسینی ئەم باسەمان داوە لە سنووری دوو تەوەردا.

لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی باسی چەمک و  بنەماکانی (دڵەڕاوکێ) و (بوون) مان  کردووە و هەندێک لەو بۆچوونانەمان خستۆتەڕوو، کە دەربارەی بوون و دڵەڕاوکێی، کە لە سەرچاوەکاندا بەدی دەکرێن لەوانە بیروبۆچوونی فەیلەسووفانی بوونگەرایی سەبارەت بە بوون و دڵەڕاوکێی  و بنەماکانیان، لەگەڵ دەرخستنی لایەنی ئەرێنی دڵەڕاوکێی بوون بۆ مرۆڤەکان بەگشتی و گەیشتنی بە ڕاستی بوون.

لە تەوەری دووەمدا، بەشێوەیەکی تایبەت قسەمان لەسەر دڵەڕاوکێی بوون بە چەمکە (هایدیگەر)ەکەی کردووە، کە کرۆکی باسەکەمانە. لەوێدا گەیشتوونە ئەو دەرئەنجامە، کە هایدیگەر جیاواز لە فەیلەسووفانی دیکەی بوونگەرایی لە بوون و دڵەڕاوکێی بوون ... دواوە.

هەر لەو تەوەرەدا باسمان لە ئەرکەکانی دڵەڕاوکێی بوون لای هایدیگەر کردووە، بەپشت بەستن بەنموونەی شیعری(ساڵی سفر)ی سەباح ڕەنجدەر، کە ئەوانیش خۆیان لە سێ ئەرکی سەرەکی دەبینەوە، بریتیین لە: (گەیشتن بە ڕاستی بوون، دەستەبەرکردنی ئازادی بوون و نەبوون وەکو هۆکاری تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە کە شیعر و زمانی شیعر بەرجەستەی دەکەن).
لەکۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئاماژەمان بەو ئەنجامانە کردووە کە لە میانەی باسەکەماندا پێیان گەیشتووین.

**1ـ بنەماکانی (دڵەڕاوکێ)و (بوون) :**

پێش ئەوەی بچینە سەرباسی بنەماکانی دڵەڕاوکی بوون، پێویستە بزانین دڵەڕاوکی چییە؟ بوون چییە؟ ڕەهەندەکانی دڵەڕاوکێی چین؟ ئینجا لەواتای دڵەڕاوکی بوون بەدروستی تێدەگەین بەتایبەتیش دڵەڕاوکی بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا.

**١-١- چەمکی دڵەڕاوکێ و بنەماکانی**

بەرانبەر وشەی دڵەڕاوکی چەندین وشەی هاواتا هەیە، وەك (دڵەخورپە، دوودڵی، نیگەرانی،...هتد) .لەرووی دەروونیەوە بەم شێوەیە باسیلێکراوە، کە ((هەستێکی گشتی پڕ لەترس و تۆقاندن و گومان و گرژییە، بەبێ ئەوەی سەرچاوەکەی زانراوبێت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و فیسۆلۆژی هاوشانی دەبێت. مرۆڤ لەڕێگەی دڵتەنگی و نائارامی و پێش بینی کردنی ڕوودانی زەرەر و زیان و ناخۆشی و کارەسات هەست بەو حاڵەتە هەڵچونیە دەکات)) (قەرەچەتانی، ١٩٩٩، ل٣٢). هەروەها دڵەڕاوکێ لەرووی دەروونیەوە ((حاڵەتێکە دەلالەت لە ترسێکی توند و ئاشکرا دەکات. یاخود بە مانایەکی تر وەك هەموو هەڵچوون و شڵەژاندنەکانی ترە لە ئەنجامی ئاگادارکردنەوەیەکی ترسناك پەیدا دەبێت. دڵەڕاوکێ هەمیشە پەژارە و ئازار و دڵتەنگی دووچاری مرۆڤ دەکات. لە دووتوێی دڵەڕاوکێدا هەمیشە مرۆڤ بەدبینە. واهەستدەکات هەموو ئەو شتانەی کەدەوریان داوە دووچاری زیانی دەکات، یاخود دووچاری ئازاری دەکات. هەمیشە لەخۆی دڵنیانییە وخەمگینە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٥،ل ٨٥-٨٦).

دڵەڕاوکێی لەرووی فەلسەفیەوە مانایەکی دیکە دەبەخشێت، چونکە زاراوەی دڵەڕاوکێ زاراوەیەکی تایبەتە بەڕێبازێکی فەلسەفی وەکو بوونگەرایی، دڵەڕاوکێ بە تێڕوانینی (سارتەر)، کە یەکێکە لە فەیلەسووفە بوونگەراییەکان، دەڵێت: ((دڵەڕاوکێ مرۆڤ دەخولقێنێت، چونکە ئەو بەردەوام لەم دڵەڕاوکێیەدایە کە باشترین ڕێگەی کار چییە؟ پەرێشانی دەبێتە هۆکاری ئەفراندن، مرۆڤ دەیەوێ خۆی ڕزگار بکات لە پەرێشانی مەرگ و جۆرە پەرێشانییەکانی دیکە. بە تێڕوانینی سارتەر تا کۆتایی تەمەن لەباری هەبوون و خوڵقاندنی خۆیەتی، لەبەر ئەوە تا کاتی مردنی ناتوانرێت لەبارەی ئەوەوە هەڵسەنگاندن بکرێت)) (شەمیسا، ٢٠١٨،ل ٣٠٢).

هایدیگەر خاوەن تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی بەڵام ((لەگەڵ "کیرکەگۆر"و"نیچە"دا لەسەر ئەوە تەبایە کە ئەزمونی سەرەکی ئەو لەژیاندا بریتییە لە نیگەرانی))(عەبدولعەزیز،٢٠٠٥،ل ٦٩). هەربۆیە دەبینین هایدیگەر ((یەکێتی بووناسانەی لە -جیهاندا-بوونی دازاینی لە ڕێگەی وشەیەکی تاقانەوە وەسفی کردووە. ئەویش چەمکی sorge و وەریانگێراوەتەوە بۆ وشەی care واتای نیگەرانی دەگەیەنێت. نیگەرانی پێکهاتەی بەرزەجێیە و لە بنچینەی تێکڕای تایبەتمەندییەکانی بووندا جێگیر بووە، تا بە ئێستاکە باسی لەبارەوە کراوە. نیگەرانی وەکوو پێکهاتەی بووناسانەی یەکگرتنەوەی دازاین لە مەزاجی بنەڕەتی ترس ئاگامەندیدا (دوو دڵی) دەردەکەوێت و دازاین بە هۆی ئەوە تێدەگات لە پێشدا تووڕدراوەتە ناو جیهان و خۆی لە دۆخی نزیکی لەگەڵ هەبووەکانی ناو جیهانێک کە بوونیان، بوونی خۆی نییە دەردەهاوێت))(کێرنی، ٢٠١٩، ل١١٠). ئەوەی هایدیگەر لەوان دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە،کە ((وەکی ئەوان فەلسەفەیەکی خودیی دانامەزرێنێت بەڵکو دەیەوێت (زانستێکبوون- ontologie )دابمەزرێنێت، واتە ئەو بوونی خودیی خۆی بەبابەتێك بۆ فەلسەفە وەرناگرێت بەڵکو دەیکاتە بناغە بۆ زانستێك کە دەکرێت بەسەر هەموو تاکەکاندا پراکتیزەببێت. هەروەها (هایدیگەر) دەیەوێت لەو ئەزموونە خودییەی خۆیەوە کە لەسەر بناغەی نیگەرانی دامەزراوە، مەرجە گشتی و سیما هاوبەشەکانی هەر بوونێکی تاکەکەسیی ئیدی هەرچییەك بێت دەربهێنێت ))(عەبدولعەزیز،ل٦٩). ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە "هایدیگەر" جیا لە فەیلەسوفانیتر ((فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بناغەی ئەزمونێکی خودیی پەتیی دادەمەزرێنێت کە تیایدا نیگەرانی بە پلەی یەکەم و لەریزی پێشەوە دادەنێت، .... چونکە فەلسەفەکەی (هایدیگەر) فەلسەفەی تاکێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو فەلسەفەی هەموو تاکێکە. هەروەها وەسفێکی بوونی مرۆڤایەتییە بەشێوەیەکی گشتی))(عەبدولعەزیز، ل٧٠). کەواتە دەکرێت بڵێین، دڵەڕاوکێ وەکو ئەزموونێکە زیاتر ڕێگە لەبەردەم هایدیگەر ڕۆشەن دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت شلێرگیرانەتر باسی بوون بکات. هەربۆیە دەکرێت هەڵوەستەیەك بکەین و بڵێین دڵەڕاوکێ واتای چی دەگەیەنێت؟ چ کاریگەریەك و پەیوەندیەکی هەیە بە بوون؟ ئایا هەموو مرۆڤەکان بەیەك ئەندازە هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن ؟

هەموو مرۆڤێك بەئەندازەیەك دوودڵە، دڵەڕاوکێی هەیە، ئەگەر وانەبێت ڕەسەنایەتی خۆی نادۆزێتەوە و بگرە ناتوانێتیش داهێنان بکات، چونکە ((لەدۆخی دڵەخورپەدا، مرۆڤ هۆشیارە و ژیانی خۆی لەپانتای بووندا ڕێك وپێك دەکات و لەئەنجامدا ژیانێکی

ڕەسەن هەڵدەبژێرێت. هایدیگەر وشەی دڵەخورپە وەك بنەمای دازاین چاوی لێدەكات، یانی ئەوەی کەوا شوناس یان خودناسنامەی مرۆڤە و یەکێتی بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات ، دڵەخورپەیە))(خاتەمی، ٢٠١٣،ل ٢٣٠).

حاڵەتی دڵەڕاوکێ، حاڵەتێکە وا لە مرۆڤ دەکات کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانیەوە بتوانێت خودی خۆی بسەلمێنێت و ڕەسەنایەتی خۆشی نیشان بدە، چونکە ((لەڕاستیدا لەکاتی دڵەخورپەدا مرۆڤ لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانی بنەمای کەسایەتی خۆی دادەڕێژێت، ئەم هەڵبژاردنانە بەتەواویی ئاگامەندانەیەو ئەمش مانای پلەوپێگەی فەیلەسووف دەگەێنێ کەوا لەڕێگەی ڕامان وبیرکردنەوە دەس بە هەڵبژاردن دەکات. دڵەخورپە، دۆخی ڕەسەنایەتی لەمرۆڤدا زەق دەکاتەوە))(خاتەمی، ل ٢٣٠).

ئەوەی روونە ئەوەیە، کە هەموو مرۆڤەکان بە یەك ئەندازە تووشی ئەم حاڵەتە نابن ((ئەگەرچی ڕەسەنایەتی مرۆڤ لەڕێگەی دڵەخورپەوە مسۆگەر دەبێت. بەڵام مرۆڤەکان بەگشتی تووشی ئەم حاڵەتە نابنەوە. ئەو مرۆڤانەی لەژیانی خۆیاندا ڕوو لە داسمەن واتە ((ناڕەسەنی)) دەکەن تووشی دڵەخورپە نابنەوە و ژیانێکی ڕەسەنیش هەڵنابژێرن، دڵەخورپە مرۆڤ لەبێ خەیاڵی وسستی دێنێتە دەرەوە هانیدەدا لەسەر شتەکان خاوەن هەڵوێست بێت، دڵەخورپە مرۆڤ لەوەیکە بەرەوبڕانەوە هەنگاو بنێت هۆشیاری دەکاتەوە))(خاتەمی، ل٢٢٩-٢٣٠)). هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین دڵەڕاکیبوون ڕەسەنایەتی مرۆڤ نیشاندەدات چونکە ((مرۆڤی ڕەسەن لە داهاتووی، یان لە ئاستی بووندا دوو دڵە. هاوکات (دوو دڵی) لەبوونی مرۆڤدا ئاماژە بۆ (نیگەرانی) ئەم بوونە دەکات. مرۆڤ بۆ بوون نیگەران و خەمخوارە بۆیە دوو دڵە. (نیگەرانی) بارودۆخێکی دەروونی(سایکۆلۆجی)نیە، پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجیە بۆ بوونی مرۆڤ)) (کەمال، ٢٠٠٧،ل١٠٦).

ئەگەر بێتو لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە ژیان و بوون بڕوانین، ئەوا دەبێت ئێمە لەسەر بنەمای یەقینی قورئانی و خۆڕسکی بێت، چونکە سەرەنجامی گومان و دوودڵی و گوێڕایەڵی بۆیان تووشی لادان لەڕێ ڕاستی دەبین، چونکە ((قورئان دەیەوێت ژیان لەسەر بنەمای یەقین و دڵنیایی دابڕێژێت نەك لەسەر بنەمای گومان و دوودڵی و دڵەڕاوکێ و باوەڕ بە خۆنەبوون و ئیمان و باوەڕ بوونیش بە خودای بەدیهێنەری مرۆڤ و گەردوون بنەمای(یەقین)ە. یەقینی قورئان لەگەڵ یەقینی فیتری و خۆڕسکیدا یەك دەگرێتەوە، بۆیە قورئان قسە لەگەڵ ئەو فیترەتەی مرۆڤدا دەکات ودەیجووڵێنێ ودژایەتی شکگەرایی و دوژمنایەتی یەقین دەکات، کاتێك مرۆڤ یەقین پەیدا دەکات، نابێ گوێ لەگومان و وڕێنەو خەیاڵات ڕابگرێت))(وەرتی، ٢٠١٦،ل١٢٨-١٢٩) هەروەك خوای گەورە لە ئایەتی (١١٦)سورەتی"الانعام "دەفەرموویێت:(( وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ.)) .واتە"خۆ ئەگەر فەرمانبەردار و ملکەچی زۆربەی خەڵکی سەرزەوی بیت ئەوە لە ڕێبازی خوا وێڵت دەکەن، چونکە شوێنی هیچ شتێك ناکەون جگە لە گومان و تەنها گۆترەکاری دەکەن"(محمدامین، ٢٠٠٤، ل ١٤٢)).

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە هایدیگەر باوەڕیوایە مرۆڤ دەتوانێت بە دووشێوازی جیاواز بوونی خۆی گوزەران بکات وبژی،ئەوانیش:

١-بوونێکی ناڕەسەن و دوور لەدڵەڕاوکێ، مرۆڤ لەم جۆرەدا خاوەنی خودی خۆی نییە و کەسانی دیکە بڕیار لەجیاتی دەدەن هەروەها ((بوونێکە خۆونکەری نێو ژیانی ڕۆژانە و خاوەن خۆی نییە. بوونێکە وەکو ئەوان بیر لە ڕاستی دەکاتەوە و شوێن بۆچووەکانی ئەوان دەکەوێت))(کەمال، ؟، ل١٠٨). سەرچاوەی ئەو ناڕەسەنەش ئەوەیە، کە((مرۆڤ فڕێ دراوەتە ئێرە، مەبەستمان لەوەیە ئێمە بە ویست و ئارەزووی خۆمان نەهاتووینەتە دنیاوە.لەگەڵ هاتنە دنیاوەو لەیەکەم ساتی ژیانمانەوە دەکەوینە ژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەوە و ئەوان نەریت و بەهاکانی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن و ڕێگە نادەن ببین بە خاوەنی خودی خۆمان و کەسایەتیمان دەکوژن)) (کەمال،٢٠٠٧،ل ٩٤-٩٥).

٢ -بوونێکی ڕەسەن و پڕ لەدڵەڕاوکێ. بەو واتاییە کە مرۆڤ خاوەنی خودی خۆیەتی و خۆی ماناو ماهییەتی خۆی دیاری دەکات .خۆی بڕیار لە بوون و کەسایەتی خۆی دەدات، خۆی بەرپرسیارە. بەجۆرێکی دیکەش دەتوانین بڵێین بوونی ڕەسەن((ئەو بوونەیە کە هەست دەکات بوونێکە - لە پێناوی - مەرگدا، واتە بوونێکە لە ڕووبەڕوونەوەیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ مەرگا.مادامەکی بوونیش لە پێناوی مەرگدایە،دازاین هەستدەکات کە بوونی بوونێکی تێپەڕ و کۆتادارە و لەبەردەم هەڕەشەی فەنابووندایە. ئەم هۆشیارییە بە مەرگ وا لە دازاین دەکات لە سنوورەکانی بوونی خۆی ئاگامەند بێت. کەواتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا، نەك هەڵاتن لێی، ڕووکردنە بوونی ڕەسەنە))(کەمال، ٢٠٠٥، ل ١٣-١٤).

بوونی ڕەسەن، بە لای هایدیگەر لە ئەنجامی ئەوەوە دەستەبەر دەبێت، کاتێک مرۆڤ بە دڵەڕاوکێوە درێژە بە ژین بدات، بەمەرجێک ئەو دڵەڕاوکێیە تووشی بێ هیوایی نەکات، بەڵکو هانی بدات پرۆژەکانی جێبەجی بکات، یان بەشێوەیەکی دیکە دڵەڕاوکێیەکانی بکات بە پرۆژە. بەو پێیە بە تێڕوانینی هایدیگەر دڵەڕاوکێ لای مرۆڤی ڕەسەن دەبێتە پرۆژەو داهێنان، لای مرۆڤی ناڕەسەنیش دەبێتە کۆیلەبوون و پاشکۆبوونی کەسانیتر.

لەبەرڕۆشنایی ئەوزانیارانەی لای سەرەوە دەتوانین بەچەند خاڵێك سوود و دەستكەوتەكانی مرۆڤ لە دڵەڕاوكێ بخەینەروو:

1-مرۆڤ لەبێ خەیاڵی وسستی دێنێتە دەرەوە.

2-هانی مرۆڤ دەدات لەسەر شتەكان خاوەن هەڵوێست بێت.

3-مرۆڤ لەوەیكە بەرەو بڕانەوە هەنگاو بنێت هۆشیاری دەكاتەوە.

4-شوناس، یان خودناسنامەی مرۆڤە و یەكێتی بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەكات.

5-لەكاتی دڵەڕاوكێدا مرۆڤ لەڕێگەی هەڵبژاردنەكانی بنەمای كەسایەتی خۆی دادەڕێژێت.

6-دۆخی ڕەسەنایەتی لەمرۆڤدا زەق دەكاتەوە.

**١-٢- چەمكی (بوون) و بنەماكانی :**

پێش ئەوەی لە واتای چەمكی بوون بگەین، پێویستە ریشە زمانەوانیەكەی بزانین. ریشەی زمانەوانیەكەی لە كاری هەیە ex-sist یان Exist (لە كاری لاتینی Ex-sistere)ەوە وەرگیراوە، لە بنچنەدا بە مانای "دەردەكەوێ out stand یاخود دێتە دەرێemerge" هاتووە .(بەرزنجی،٢٠٠٧، ل٩٦)

زانایان و فەیلەسوفان، دوو فۆڕم بۆ بوون دیاریدەكەن، ئەوانیش بوونی"گشتگیر و هەندەكی".(( (بوون)ی گشتگیر لە زمانی ئاڵمانیدا بەم شێوەیە Seinو بوونە هەندەكیەكانیش بەSeinden دەنوسرێت و هایدیگەر ئەم دوو شێوە نوسینەی لە فەلسەفەكەیدا بۆ ئەم دوو فۆڕمەی بوون بەكارهێناوە. لە زمانی ئینگلیزیدا(Being) و (being)، بە پیتی گەورەی(B) بۆ بوونی گشتگر و بچوك(b) بۆ بوونی هەندەكی دانراون))(كەمال، ٢٠٠٤، ل٣٧).

ئەم دوو فۆڕمە، لای زاناو فەیلەسووفە موسوڵمانەكان بە شێوەیەكی دیكە بەكارهاتوون، بۆ نموونە((ئیبن عەرەبی "الوجود" و"الموجود"ی بۆ ئەم دوو فۆڕمەی بوون داتاشیوە و لە بۆچونە "یەكانەگی"یەكەیدا هەموو شتێک بە "الوجود" داناوەو... ئەو ڕاستیەی ئیبن عەرەبی باوەڕی پێدەكات "الوجود"ە، یان گشتگرەكەیە و هەموو موجودێک، یان هەبوویەک تیایدا پەیدا بووە))(كەمال، ل٣٧).

سەبارەت بەچەمكی بوون قسە زۆر كراوەو دەكرێت چونكە پرسیاری هەرە سەرەكی فەلسەفەیە هەر لەسەرەتاوە تاوەكو ئێستا، لەبەر ئەوەی قسەكردن لەسەر بابەتی 'بوون' زۆر شت هەڵدەگرێت، بیروبۆچوونی جیاوازی دەربارەی وتراوە و دەوترێت، بۆ نموونە "پارمەنیدس"(٤٨٠پ.ز ژیاوە) فەیلەسووفێكی یۆنانییە، سەردەمی پێش سوكراتە پێوایە، كە((بوون ڕاستەقینەیەكی تەنیا و ڕەهایە))(كەمال،٢٠١٣، ل٢٩٨)، جگە لەمەش "پارمەنیدس"بۆچوونێكی ئۆنتۆلۆژیش دەربارەی بوون دەخاتەروو و دەڵێت: ((بوون بوونە و نەبوون نییە))(كەمال، ٢٠١٦، ل٢١). بەڵام ئەفلاتوون بەشێوەیەكی تر دەڕوانێتە بوون و لە فەلسەفەكەی ئەودا ((بوون ئایدیا و eidosكۆپی ئایدیایە))(كەمال، ٢٠٠٥، ل٨٦). جگە لەو بۆچوونانە، دەتوانین ئاماژە بە پێناسەیەكی فەیلەسووفانی ڕەوتی ئایدیالیزم بكەین، چونكە پێیانوایە ((بوون ئەو زاتە زانا و ئەزموونگەرەیە، كە سەرچاوەی هەموو مانا و بەهاكانە))(مید، ١٩٧٥،ص٥٨).

لێرەدا مەبەست لە 'بوون' بوونی مرۆڤە، بۆ تێگەیشت لە بوون و بوونی مرۆڤ پێویستە هەڵوەستەیەک بكەین و بزانین بوونگەراییەكان بەچ شێوەیەک و چۆن قسەیان لەسەر مرۆڤ كردووە بۆ نموونە ((هایدیگەر بە "دازاین" dasein ناویدەبات و سارتەریش پێیدەڵێت: بوونبۆ. خۆ being-for-self. "دازاین" زاراوەیەكی ئەڵمانیە و هایدیگەر لەپەرتوكەكەیدا كە لە ساڵی١٩٢٧دا بەناویsein und zeit بڵاوكرایەوە، بۆ بوونی مرۆڤی بەكارهێناوە، "دازاین" لە دوو وشە پێكهاتووە:دا daواتا لێرە، "زاین" seinواتا بوون، هەردوو وشەكە پێكەوە دەبن بە"بوون - لێرە، واتای ئەم زاراوەیە مانای بوونی مرۆڤە لێرە، یان لە جیهاندا. مرۆڤ بوونەوەرێكی جیهانییە و بە بێ بوونی جیهان نییە و نابێت و لەدەرەوەی جیهاندا بیر لەبوونی ناكرێتەوە))(كەمال،٢٠١١، ل٣٣-٣٤). هەربۆیە فەیلەسووفێكی وەک 'كیركیگۆر' دەڵێت:((بوون لە بنەڕەتدا بوونی بەرچاوە"العینی"، كەموێنەیە، بوونی كەسێتیی هەبوویەكی"موجود" مرۆیی تاكە. هەبووە هەندەكییەكە خراوەتە ڕوو، لەنێو ڕێبازێک یان ڕەوتێكدا نییە بیری ئەقڵی بونیادی بنێت... بەلای منەوە ئەوەی گرنگە هەبێت؛ هەبوونی بوونێكە كۆتایی نەبێت))( ئەحمەد، ٢٠١٦، ل١١١)."كیركیگۆر' جگە لە روونكردنەوەی واتای بوون، هاتووە ئاستەكانیشی دەست نیشانكردووە و دابەشی سەر سێ ئاستكردووە، كە بریتیین لە:

١-ئاستی جوانی: لەم ئاستەدا بوونەوەر بەدوای چێژەكاندا وێڵە.

٢-ئاستی ئاكاری: لەم ئاستەدا بوونەوەر ئاكارگەرا دەبێت.

٣-ئاستی ئایینی یا(سۆفییانە): ئەم ئاستە بەرزترینیانە. لەبەر ئەوەی بوونەوەر تیایدا ڕووبەڕووی خوا دەبێتەوە.(بەرزنجی، ٢٠١٦، ل٩).

'یاسپەرز' فەیلەسووفێکی دیکەیە، بەشێوەیەکی جیاوازتر دەڕوانێتە 'بوون' یاخود ((لای "کارل یاسپەرز"یش شێوازێکی تر بۆ قسەکردن لەسەر "بوون" هەیە. ئەو دەربڕینی "دازاین" یان "بوونی مرۆیی Existence" بۆ ئەو ڕاستییە بەکاردەهێنێت کە ئێمە خۆمان لە جیهاندا دەبینینەوە. یاسپەرز پێماندەڵێت کە "بوونEsistenz "واتە ئەو خودە تاکە کەسییەی کە هەمیشە بە تاکی دەمێنێتەوەو ئاڵوگۆڕی پێناکرێ ))(بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل١٠٣-١٠٤). ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە یاسپەرز بەجۆرێک "بوون "مان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە دەڵێت: ((بوون بریتییە لە ئازادی، نەک ئەو ئازادییەی خودی خۆی دروست دەکات کە ڕەنگە دەرنەکەوێت " ، بەڵکو بوون ئازادییە لەو ڕووەوە کە تەنها خەڵاتێکی باڵا بووە و بەخشەرەکەی دەناسێت، چونکە بوون بەبێ باڵابوون نییە))( ئەحمەد، ٢٠١٦، ل١١٩). بۆچوونی 'میرلۆپۆنتی'ی فەیلەسووف لەگەڵ 'یاسپەرز' سەبارەت باڵابوونی بوون تاڕادەیەک یەکدەگرێتەوە کاتێک دەڵێت:((بوون لە سروشتی خۆیدا تەمومژاوییە، تێکەڵێکی نادیاریکراوە، ئەگەرچی یەکێک لە خاسیەتەکانی"بوون" ئەوەیە واز لە باڵابوون ناهێنێت...بوونی مرۆیی دەربڕینە، دەربڕینیش دەرهێنانی مانا کاتییەکانی"نادیاریکراو"ە، کە دەتوانێت هەروا بمێنێتەوە))(ئەحمەد، ل١٢٠). هەروەها 'یاسپەرز' بوون بە هەڵوێست وەرگرتن هەژمار دەکات وەدەرخەرو دەربڕی ڕاستییە، هەربۆیەشە دەڵێت:((بوون هەمیشە بوونە لە هەڵوێستدا، هەڵوێستیش دەربڕی ئەو ڕاستییە بابەتییەیە کە خودی هەبوو ڕووبەڕووی دەبێتەوە کاتێک خۆی لە بەردەم (ئاست) یان (دۆخ) یان (پشتێنە)یەکدا دەبینێت و دەتوانێت بەرامبەر چالاکییە ئازادەکەی بوەستێت))(ئەحمەد، ل١٢٠).

"نیتشە" فەیلەسوفێکی دیکەیە، بە جۆرێکی تر دەڕوانێتە "بوون"و بە (ویست) لە پێناوی پەیداکردنی هێزدا دەیناسێنێت.(کەمال، ٢٠٠٤، ل٤٢)

ئیبن سینا، فەیلەسوفێکی موسوڵمانە بە شێوەیەکی جیاواز دەڕوانێتە "بوون"و دوو جۆری لێ دەست نیشان دەکات و ئەوانیش((بوونی زەروری و بوونی گونجاو.بوونی زەروری بوونی یەکەمە و بێ ئەوەی پێویستی بە بوونێکی دیکە هەبێت دەتوانێت ببێت و سەرجاوەی بوونی گونجاویشە. بوونی گونجاو لە بوونی زەرورییەوە دەرچوەو بەبێ ئەو نابێت، واتە بوونی گونجاو بۆ پەیدابوونی پەنا دەباتە بەر بوونی زەروری))(کەمال، ل٣٢).

کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە، شاعیری نوێخواز، لەڕێگەی تێگەیشتنی لە واتای بوون دەتوانێت گیانی نوێخوازی و ئێستێتیکا لە نووسینەکانیدا بەرجەستە بکات، لەهەمان کاتدا گۆڕان لە دیدو بۆچوون و داب ونەریتی کۆمەڵگادا دروست بکات، چونکە((گیانی نوێبەخش و جیاکارییەکان. هەستەکانی لەناو شاکار و ژیانی دەروونی پەرە پێدەدا و کارا وکارامە زیرەکانە شێواز هاوتەریب لەگەڵ شێوازدا دەگونجێنێت وهاوتایان دەکات. شکۆ و کەرت کەرتبوونی ناخی مرۆڤ بەجێدەهێنێ، مانا ڕانەگەیەندراوەکان ڕووبەڕووی مانا ڕاگەیاندراوەکان دەکاتەوە. جیاکارییەکان بەپێی جیاکارییان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئاستدار دەبن))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل٥٣-٥٤). هەربۆیە نوێخوازی لە هونەر بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی وێنەو هێمای بوونە.

## 2- دڵەڕاوکێی بوون بە چەمکە(هایدیگەر)ییەکەی

### ٢-١- چەمکی (بوون) لە فەلسەفەی هایدیگەردا

سەبارەت بە چەمکی بوون و زاراوەی (Existenz )ی ئەڵمانی، هایدیگەر((بە جۆرە شێوازێکی بوون ناودەبات و بگرە بوونی ئەو بوونەوەرە، کە بۆ ڕاشکاویی و کراوەیی بوون بەکراویی دەوەستێ))(هایدیگەر، ٢٠١٢، ل ١١١). جگە لەمەش، هایدگەر دەڵێت: ((بوون لە هیچەوە"یاخود لەعەدەمەوە" هەڵدەقڵێت ومرۆڤ لەخودی خۆیدا بوونەوەرێکە وفڕێدراوەتە جیهانەوە، هیچ شتێکیش لە چارەنووسی ئەودا هێندەی مەرگ"یان مردن"ئاشکراو دڵنیا نییە. مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە ژیانی تێکەڵ ولکاوە بەهیچ وعەدەمەوە، عەدەمێك تەفسیر ناکرێت، بزر و ونی نێو هیچ وعەدەمێکی دیکەش دەبێت کە شیناکرێتەوەو شیکردنەوەی لەوەی یەکەمیان سەختترە))(ڕەسووڵ، ٢٠٠٤، ل١٠-١١)). هەر بۆیە دەبینین هایدیگەر لە کتێبی"بوون وکات"دا بەپێچەوانەی فەیلەسووفانی پێش خۆی وبەتایبەتی "هیگڵ"باس لە بوون دەکات ودەبینین بوونی هایدیگەر ((دووبارەکردنەوەی میتافیزیکا ڕۆحیەکەی فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی"المثالیە الالمانیە"نیە. بوونی هەنووکەیی مرۆڤ لە تێگەیشتنە خودیەکەیدا بۆ بوونی خۆی، بریتی نیە لە ناسینی خود لە عەقڵی ڕەهای لەلای هیگل. بریتیش نییە لە داڕێژراوی خود، بەڵکو بوونێکە لەناسنامەی تایبەتی خودیی خۆیە و ئەوە دەزانێت کە گەورەی خودی خۆی و گەورەی بوونی هەنووکەیی نیە، بەڵکو ئەو خۆی دەبینێتەوە لە نێو کۆمەڵێك بوودا ولەسەریەتی بەخۆی ڕازی بێت وەك چۆن هەیە و چۆنی بینیوە. ئەو داڕێژراوێکی فڕێدراوە))(شارەزووری، ٢٠١٥، ل ٨٨). بەمەش لێرەدا هایدیگەر هەوڵیدا وتوانی بوونی هەنووکەیی مرۆڤ لە ڕێگەی (گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان )دا دیاری بکات وهەربۆیە ((لەم پێناوەدا هایدیگەر پرسیاری ئەوەی کرد: بوون چی دەگەیەنێت؟ لەپێناو دەستکەوتنی وەڵامدا؛ ڕێچکەی دیاریکردنی بوونی هەنووکەیی، یان

بوونی کرایی مرۆیی، لەخودی خۆیدا، بە شێوازێکی ئەنتۆلۆجی ئەرێنی گرتەبەر، لەبری ئەوەی ڕێچکەی میتافیزیکیای باو بگرێتە بەر، کە تا ئەو سەردەمە پشتی پێدەبەسترا لەسەر بنەمای بوونی هەمیشە بوویەك تەنها لە شێوە کۆتاییەکەیدا. ئەنتۆلۆجیای بوونیش کە زەمینەسازیکرد بۆ هایدیگەر تا بتوانێت بوونی هەنووکەیی مرۆڤ دیاری بکات، هەر ئەو بوو فەلسەفەکەی هایدیگەری بەو شێوەیە دیاریکردو وایلێکرد وەك فەلسەفەی زانستی بوونی مرۆیی دەرکەوێت))(شارەزووری، ل ٨٧) .

هایدیگەر بۆ چەمکی بوون زاراوەی دازاین بەکاردەهێنێت. لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە یەکێکە لەزاراوە کاریگەرەکانی فەلسەفەکەی ، دازاینش بریتییە((لەو بوونەی کە لە ڕەوتی پەردەهەڵماڵین لەرووی بوون بەگشتی و پەیبردن پێی مانا بە خۆی دەبەخشێت. "دازاین"یش لە ڕەوتی "زەمان"دایە کە پەردە لەرووی خۆی هەڵدەماڵێت. ئەمەش نەك ئەوەی زەمان شتێك بێت لە دەرەوەی دازاین یان دازاین لە دەرەوەی زەماندا بێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە دازاین زەمانمەندە، ئەم زەمانەش لە دازایندا لە یەك کاتدا بە هەرسێ ڕەهەندەکەی زەمان"واتە ڕابردوو، ئێستا، ئاینده" لە خۆ دەگرێت))(کەمال، ٢٠٠٥، ل ٩-١٠). ئەوەی زیاتر گرنگە بەلای هایدیگەر گەیشتنە بە خاوەنداریەتی بوون، هەر بۆیە ((بەڕای هایدگەر،مانای"بوون" لەساتەوەختێکدا بۆ ئێمە لەتاریکیدا دێتەدەر کە ئەو تین و وزەمان هەبێت کە بە"خاوەنێتی بوون بگەین کە ئەم خاوەنێتییە هەر خودی بوونە کە هایدگەر بە (dasein) ناودێری کردووە، لە ڕوانگەی هایدگەرەوە زاتی ئەم(dasein) ە، هەرخودی بوونە و کەڵکەڵەی دەروونی و هەستی کاتی بوون، لەئێمە بە داماوی مرۆڤ لەم جیهانە سەرچاوە دەگرێت، مانای بوون لەلای خاوەنێتی بوون بە شێوەی ئەزموونێکی دڵنواڕی نیشان دەدات)) (سەحرانەوەرد، ٢٠١٥،ل١٠٧).

بەبۆچوونی هایدیگەر سەرچاوەی بوون پووچگەراییە، ئەگەر هاتوو پشتگۆێ بخرێت چونکە (( پرسی هایدیگەر بوونە ، بە بۆچوونی هایدیگەر لە بیرکردن و چاوپۆشی کردن لە بوون سەرچاوەی نیهیلیزمە . چاوپۆشی لە جیاوازی بوون ناسیانە ontological difference ) کەوا لە نێوان بوون و هەبوون هەڵی بۆ پەرەدان بە هەڵویستی ئۆنتیکی دەرەخسێنێ " هەبوون نەك بوون "، سەرچاوەی ڕاستەقینەی سەرهەڵدان و پەرەپێدانی نیهیلیزمە . بە بۆچوونی هایدیگەر قووڵترین شێوەی ئەم چاوپۆشییە لە سەردەمی مۆدێرندا لە ڕێگەی بیرکردنەوەی " گەشتەڵەوە " سەریهەڵداوە ))(خاتەمی، ل ٢٤١) . هەروەها هایدیگەر باس لەو بوونە دەکات کە لە جیهاندا بوونی هەیە جیاواز لە بوونەی کە دیکارت باسیلێوە دەکات، هایدیگەر بۆئەوەی  چەمکی بوون پێناسە بکات وبە باشترین شێوەش روونیبکاتەوە، لەگەڵیدا هەندێ چەمکی دیکە دەخاتەروو.هەروەهابەبۆچوونی هایدیگەر ((مرۆڤ لەنێو زیندەوەراندا تاکە بوونەوەرە هەمیشە دەربارەی گەوهەر وپوختەی بوون دەپرسێ وبوونی مرۆڤ لەخۆیدا بریتییە لە پرسیاری نەپساوەو بەردەوام دەربارەی واتای بوون. ئەگەر چی بوون خۆی لەخۆیدا ناکرێ وا بەئاسانی پێناسە بکرێت،بۆیە هایدیگەر چەند چەمکێکی دیکەی پێشنیاز کردووە:بوون لەگەڵ ئەوانی تر، بوون لە جیهاندا، بوون بەرامبەر بە هیچ، بوون وکات، ئەزەل، ئەبەد، مردن، ترس ودڵەڕاوکێ ونیگەرانی) (عزیز،٢٠١٣، ل ٨٩). جگە لەمەش؛ بەلای هایدیگەرەوە بوون بنەڕەتە و شتەکانی دیکە بە ئەوەوە پەیوەستن. بوون چەندین هەبوو بەخۆیەوە دەگرێت ، ناوەڕۆکی مرۆڤ لە بوونیدایە، هەروەک خۆی دەڵێت: ((جەوهەری دازاین لە بوونیدایە. بەگوێرەی ئەمە، خەسڵەتەکانی ئەم هەبووە تایبەتمەندێتی هەبوویەکی دەرەکی وەرناگرن، کە بەو جۆرە دەردەکەون؛ لە هەموو حاڵەتێدا[خەسڵەتەکان] ئەگەرەکانی بوونی ئەون و لەمە زۆرتر چی دیکە نین. ئەو بەمشوەیە-هەیە. کاتێک ئەم هەبووە بە "دازاین" ناوزەددەکەین چییەتییەکەی(وەکو چییەتی مێز، خانو یان درەخت) دەرناخەین، بەڵکو باسی بوونی دەکەین))(هایدیگەر، ٢٠١٣، ل٩٣-٩٤). هەروەها هایدیگەر خودی ڕەها ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت پێوایە کە بوون بنەڕەتە نەک خود و، ئەگەر مرۆڤ نەبێت بوونیش نابێت، لەبەر ئەوەی (( بنەڕەتی بوونی و شێوەی ئۆنتۆلۆجیەکەشی لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە، یەکەم، مرۆڤ تاکە بوونێکە پرسیار لەواتای بوون دەکات و توێژینەوەی ئۆنتۆلۆجیانە دادەهێنێت. دووەمیش ئەگەر مرۆڤ نەبێت پرسیارە ئۆنتۆلۆژیەکە و توێژینەوەکەش نابێت))(کەمال، ٢٠٠٤، ل٥٢). کەوابێ ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێت کە، جیهان و کۆمەڵ و ئەوانی دیکە ڕێگە خۆشکەرن بۆ بیرکردنەوەمان سەبارەت بە دازاین، هەربۆیە ((ئێمە ناتوانین بە بێ جیهان و کۆمەڵ بیر لە بوونی مرۆڤ بکەینەوەو بوونی مرۆڤیش بەڵگەیەکی لۆژیکمەندانەیە بۆ سەڵماندنی بوونی جیهان و کۆمەڵ بە ڕێگای ئۆنتۆلۆژیدا))(کەمال، ٢٠٠٥، ل٤١).

### ٢-٢- چەمکی دڵەڕاوکێی بوون لە فەلسەفەی(هایدیگەر)دا

ئەوانەی قسە و توێژینەوەیان لەسەر "هایدیگەر"دا کردووە، فەلسەفەکەیان دابەشی سەر دوو قۆناخکردووە: قۆناخی یەکەم بە (هایدیگەری پێش) و قۆناخی دووەم بە (هایدیگەری دوا )ناوزەدیان کردووە. لە قۆناخی یەکەمدا کار لەسەر بوونی مرۆڤ و لە قۆناخی دووەمدا لەسەر (بوون) بە گشتی دەکات. لەڕاستییدا پرۆژە فەلسەفییەکەی هایدیگەر، دامەزراندنی ئۆنتۆلۆژییەکی نوێیە؛ ئەمەش لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ (بوون)، کە لە مێژووی فەلسەفەدا لە سەردەمی ئەفلاتونەوە لە بیر چووەتەوە و لەبری (بوون)، فەیلەسوفەکان جۆرێک لە (هەبوو)یان بە ڕاستەقینەی بنەڕەتی داناوە، دادەمەزرێت. ئەو دەیەوێت بیرکردنەوەی فەلسەفی لەم

نامۆبوونە لە بنەڕەتی لەبنەڕەتبەدەر، کە (بوون)ە، ڕزگار بکات. هەربۆیە ئەم پرۆژەیە کرۆکی(بوون و کات)ی هایدیگەرە، کە پەیڕەوی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی هێرمینیۆتیکی دەکات، ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات شیکاری بوونگەرانەی دازاین سەرەتایەکە بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون بە گشتی. کەواتە لە قۆناخی یەکەمدا چەمکی (واتای بوون) و کەچی لە قۆناخی دووەمدا (ڕاستی بوون) بەکار دەهێنێت. هۆکاری ئەمە بۆ (واتا) دەگەڕێتەوە کە زۆرتر خۆیی و کەمتر بابەتییە. بەکورتییەکەی پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکەی هایدیگەر تێگەیشتنە لە ڕاستیی (بوون).(کەمال، ٢٠١٧، ل٩٧-٩٩)

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بۆچوونەکانی هایدیگەر لە مەڕ چەمکی دڵەڕاوکێی بوون و دیاریکردنی گرنگەکەی قسەکانی خۆی دەکەین بە بەڵگە کاتێک دەڵێت: ((دوودڵی ئەگەرێکی بوونی دازاینە، لەگەڵ ئەو بوونەی دازاین تیایدا دەردەکەوێت دیاردەیەکە سەرجەمی بوونی دازاین نیشانبدات. بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی خۆی دەردەخات.بۆ باسکردنی ئەم دیاردە بوونگەراییە بنەڕەتییە پێویستە لە دیاردەکانی ویست، ئارەزوو، خۆگرتن و هاندەر جیابکرێتەوە. نیگەرانی لەمانەوە دەرناچێت چونکە بوونی ئەم دیاردانە دەکەونە سەر نیگەرانی))(هایدیگەر ،٢٠١٣، ل٢٦٤-٢٦٥).

دڵەڕاوکێی بوون، زەمینە سازدەکات بۆ تێگەیشتنمان لە واتای گشتی بوون؛ هەر بۆیە هایدیگەر پێیوایە((ئەو کاتەی دازاین بوونی خۆی دەردەبڕێت ڕاستەوخۆ ئەو بوونە بە "نیگەرانی"دادەنێت، هەرچەندە ئەم دەربڕینە پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە.شیکردنەوەی دازاین لەگەڵ ڕووکردنی لە دیاردەی نیگەرانی ڕێگە بۆ کێشەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی ئامادەدەکات و پرسیار لە واتای بوون بەگشتی دەکات))(هایدیگەر، ل٢٦٥).

لێرەدا ئێمە مەبەستمانە لە گۆشەنیگای ئۆنتۆلۆژی بوونگەرایی هایدیگەرەوە لە دڵەڕاوکێی بگەین، لەبەرئەوەی دڵەڕاوکێی کێشەیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتیش بە (بوون-لەنێو-جیهان) و (بوون-لەگەڵ-ئەوانی دیکە)دا، هەروەها لەگەڵ لایەنی ئۆنتیکانەی ژیانی ڕۆژانەی ئەم بوونەوە. هەربۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتەپێشەوە، ئەویش ئەوەیە؛ بۆچی دەبێت مرۆڤ لە حاڵەتی دڵەڕاوکێدا بێت و بژیت؟ یاخود بۆچی بوونی دازاین دەبێت ئۆنتۆلۆژیانە بسەلمێنرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پشت بەتێڕوانینەکانی خودی هایدیگەرو ئەو دەقە ئەفسانەییە دەبەستین، کە وەکو نموونە لە کتێبی (بوون و کات)دا هێناویەتەوە: (( ڕۆژێک خاتو خواوەند 'نیگەرانی' لە ڕووبارێک پەڕییەوە و تۆپەڵە قوڕێکی بینی؛ بەسەرنجەوە هەڵیگرتەوە و شێوەیەکی پێدا. لەو کاتەدا خوداوەند (جوبیتەر) هات. نیگەرانی داوای لێکرد، گیان بە بەریدا بکات. ئەویش بە خۆشییەوە گیانی پێبەخشی. بەڵام کاتێک (نیگەرانی) ویستی ناوی خۆی لێبنێت. (جوبیتەر) ڕازی نەبوو. داوایکرد ناوی(جوبیتەر)ی لێبنرێت. ئەم دوو خوداوەندە کەوتنە مشتومڕ و زەوی بەرزبوەوە و داوایکردی ناوی 'زەوی' لێبنرێت چونکە ئەو هەبووە ئافەریکراوە پارچەیەک بوو لە لەشی ئەو. لە دوایدا هەموویان داوایان لە (ساتورن) کرد ناوبژییان بکات و ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەویش ئەم بڕیارە دادوەرانەیەی دا: مادام جوبیتەر گیانی پێبەخشیوە، لە کاتی مردندا گیانەکە بۆ لای جوبیتەر دەگەڕێتەوە؛ مادام زەوی لەشی داوەتێ، لاشەکەی بۆ زەوییە. مادام خاتو خواوەندی نیگەرانی یەکەمجار شێوەی بۆ دروستکرد، دەبێت تاکو ئەو [ئەم هەبووە] لە ژیاندا بێت بۆ نیگەرانی بێت. مادام ئێوەش لەسەر ناوەکەی ڕێکناکەون من ناوی (هۆمۆ)ی لێدەنێم، چونکە لە (هیومس) زەوی دروستکراوە))(هایدیگەر، ٢٠١٣، ل٢٨٢).

بەپێی ئەم دەقەیە بێت، بوونی مرۆڤ پەیوەست دەبێت بە بنچینەیەکی گرنگ، ئەویش؛ 'خواوەندی نیگەرانی' ، چونکە ئەو بوونەی دروستکردوە، سەرچاوەکەی دڵەڕاوکێیە؛ بۆیە هەتا لە ژیاندابێت هەر دەبێت بە دڵەڕاوکێ بژیت. ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کە سەرتاپای ژیانی ببێت بە دڵەڕاوکێ وداگیری بکات. هەر بۆیە بەردەوام وێڵ و سەرگەردانە بۆ ئەوەی بگات بە سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکەی ، زۆرجار ئەم دڵەڕاوکێیە دەبێت بە چاوەڕوانی، خودی چاوەڕوانیش(( هێزی مانەوەی مرۆڤە لە بووندا، هەروەک چۆن چاوەڕوانی وەکو بەهایەکی فەلسەفی بە کاتێکی ڕێژەییەوە بەستراوەتەوە، واتە درێژبوونەوەی زەمەن بۆ دواخستنی گەورەترین ئازارە شاراوەکەی مرۆڤ، کە مردنە))(ئەحمەد، ٢٠٠٩،ل٤٥). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هایدیگەر لە ڕوونکردنەوەیدا بۆ ئەو دەقە ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: ((هەرچەندە دەقەکە مێژووییانەیە و خەسڵەتی پێش-ئۆنتۆلۆژییانەشی هەیە. پێویستە لە بیرمان نەچێت، دازاین لەو دەقەدا بوونی خۆی بە جۆرێک دەردەبڕێت کاریگەری ڕاڤەکردنی بیردۆزەییانەی بەسەرەوە دیار نییە و داواشی ناکات. گرنگە بزانین، کە بوونی دازاین خەسڵەتی مێژوویی هەیە و دەبێت ئۆنتۆلۆجییانە بسەلمێنرێت))(هایدیگەر،٢٠١٣، ل٢٨١). لەکۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێن، کە هایدیگەر لەڕێگەی ئەو دەقە ئەفسانەییەوە دڵەڕاوکێی وەک پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ بوونی مرۆڤ دەستنیشانکردووە. هەروەها لەکۆتاییدا، هەندێک لەو پێناسانەی هایدیگەر دەخەینەڕوو کە بۆ دڵەڕاوکێی کردوونیەتی :

١-نیگەرانی سەرجەمی بونیادی سەرەکی بوونی دازاینە.

٢-نیگەرانی هەمیشە گرنگپێیدان و خەمخۆرییە.

٣- "نیگەرانی "بڕیار لەسەر شێوازی بوونی فڕێدراوی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەدات. (هایدیگەر،٢٧٧-٢٨٣)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، هایدیگەر لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە باس لە دڵەڕاوکێی ناکات، هەر بۆیە لە مەسەلەی ترس جیای دەکاتەوە و پێشیوایە، مرۆڤ لەکاتی هەبوونی مەترسی ترس دایدەگرێت. کەچی دڵەڕاوکێ لەکاتی هەبوونی پرۆژەیەک لە لای مرۆڤ سەرهەڵدەدات، چونکە ئەو کاتە مرۆڤ بیردەکاتەوە و لەگەڵ ناخی خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ و لێکدانەوە ئایا سەرکەوتوو دەبێت یاخود نا، بەمەش دڵەڕاوکییەکە دروست دەبێت و هەمیشەش ڕوو لە داهاتوو دەکات.

**٢-٣-ئەرکەکانی دڵەڕاوکێی بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا**

وەکو پێشتر روونمان کردەوە، کە بیروبۆچوونی "هایدیگەر" سەبارەت بە بوون و دڵەڕاوکێی بوون جیاوازە لەگەڵ فەیلەسووفانی دیکە ، بەهەمان شێوەش ئەرکەکانی دڵەڕاوکێی بوون لە فەلسەفەکەی جیاوازە و ئەرکی جیاجیا لەخۆدەگرێت ،ئەوانیش بەم شێوەییەی خوارەوەن:

**٢-٣-١-گەیشتن بەڕاستیی بوون:**

هایدیگەر، کاتێک باس لەڕاستی بوون دەکات لەگەڵ هیچگەرایەتی بەراوردی دەکات،جیاواز لەفەیلەسووفانی دیکە دەڕوانێتە ڕاستی بوون، چونکە سەبارەت بەڕاستی بوون(("ئەرستۆ بیری چاکەی ڕەها"ی ئەفلاتونی بۆ"سەدەمی هۆشەکی"یان "جوڵێنەری یەکەم"گۆڕیوەو لە کەلتووری ئایینی ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاست ئەم لایەنە بەرزەی بوون بووە بە"خوا". لەسەردەمی تازەگەریشدا ئەم نەریتە بەردەم مایەوە و بوو بە نەریتی دێکارتی و دوا فەیلەسوفیش نوێنەرایەتی ئەم شێوازە مێتافیزیکە بکات و ئاوەڕ لە "بوون" نەداتەوە و ڕاستی بوون بۆ لایەنێک نەک هەموو بگەڕێنێتەوە"نیشتە"یە.هایدگەر لەبیرچوون و دەستهەڵگرتن لە بوون بە "هیچگەرایەتیnihilism" دادەنێت....لەهیچگەرایەتیدا"بوون" بە "هیچ"دادەنرێت و ئاوەڕ لە لایەنێکی بوون دەدرێتەوەو ئەو لایەنە بۆ "ڕاستی" دەخوێنرێتەوە))(کەمال، ٢٠٠٧، ل٤٤). بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین، هایدیگەر((لەو باوەڕەدایە، فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتونەوە بۆ نیشتە ڕاستی"بوون"ی لە بیرکردووەو خۆی بەو هەبووانەوە خەریک کردوە، کە نابن بە بناخەیەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ هەموو شتێک. ئەم باوەڕەش لای فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو بۆچوونانە ڕادەوەستن، کە"بوون" بە چەمکێکی هەمەکی بەڵگەنەویست و لە پێناسەبەدەر دادەنێن))(کەمال، ٢٠١١،ل ٣١٤).

گەیشتن بە ڕاستی بوون، هەر لەرێگەی مرۆڤەوە دەبێت، لەبەر ئەوەی((مرۆڤ بوونگەرانە، لەنێو مێژوودایە، مادام بوونێکی ناتەواوی هەیە، داهێنەرانە دەژی و دەیەوێت لە داهاتوودا بە بوونی بگات، هەموو هەنگاونانێکی ڕووەو داهاتوو، ڕاستی بوونی ئەو دەردەخات و دەیکات بەوەی خۆی دەیەوێت))(کەمال، ٢٠١٤، ل٢٥٤). ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە، بیری مرۆڤی بەرهەمهێنەر لە نێوان بوون و ڕاستییدا بارو ئاراستەی خۆبوونی وەردەگرێت، لەناو دوو کەوانەی هەمیشە ئامادەی سەرسامبوون بەرە ئامانجی تایبەت دەڕوات.(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل٤٥) ئەو بوونە بەرهەمهێنەرەش بەبۆچوونی هایدیگەر شاعیرە، چونکە شاعیر وەکو فەیلەسوف بیردەکاتەوەو تێرامان ووردبوونەوەی شاعیرانەی هەیە و بەدوای ڕاستی بوون وێڵە؛ هەر بۆیە ((لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا شیعر و فەلسەفە هاوتەرازکراون و بوون بە دوو پرۆژەی ئاگامەندانەی ئاگامەندی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بوون))(کەمال، ٢٠٠٥، ل٨٥). جگە لەمەش بەدیدی هایدیگەر(( هونەر ڕاستی" بوون" دەردەخات))(کەمال، ٢٠١٣، ل١١١). کەوابێ جگە لە فەلسەفە، هونەر بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی ڕاستی بوون دەردەخات.

بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم ئەرکە، پێویستە لە چەند دەرگایەکەوە بۆی بچین، یەکێک لەو دەرگایانە مردنە؛مرۆڤ هەر لەو ساتەی کە لەدایک دەبێت مردنیش لەگەڵیدا ئامادە دەبێت. مردن ڕووداوێکە بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا زوو یان درەنگ دادێت، هەروەک چۆن خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ((كُلُّ نَفْسٍۢ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ))(سورەی ال عمران،ل٧٤)ڕاڤەی ئەم ئایەتە ئەوەیە،کە (هەموو کەسێک دەبێت بمرێت و مردن بچێژێت)(محمدامین.ل٧٤). ئەمەش بۆ خەڵک یەکلایی بۆتەوە، چونکە مردن((ڕووداوێکی یەقینییە هەر دەبێت ببێت و دەربازبوونی لێی نییە، بەڵام هەموو ئەمانەیان لە ئەزموونی-تاقیکردنەوەی"تەجرەبەی" مردنی کەسانی دیکەوە بەدەستهێناوە))(هیدجر، ص٨٨). واتە خەڵکی ڕاستی مردن لە کەسانی پێشخۆی بۆ دەرکەوتوو، بەڵام کەس ناتوانێت ئازارەکەی ئەو بچێژێت و ئەزموونی بکات، هەروەک هایدیگەر دەڵێت: ((من کە دەمرم ئەزموونی ئازارەکەم دەرناکەوێت. ئەوان ناتوانن ئەزموونی مەرگی من بکەن))(عوسمان، ٢٠١٣، ل ٩). کەوابێ مرۆڤ بۆی روون بۆتەوە هەر دەبێت بمرێت. مردن ئەنجامی شتێکە پێشخۆی هەیە کە"بوون"ە، چونکە وەکو یاسایەکی گەردوونی هەموو بوونەوەرێک کە بوونی هەبێت دەبێت مردنیشی هەبێت هەروەها مردن واتە کۆتایی هاتنی مرۆڤ وەک"دازاین"و پچڕانی پەیوەندی

بە جیهانی دەرەوە لەگەڵ ئەوەشدا بریتییە((لەو توانایەی کە"ئیتر-ئەو-ناتوانێت-لێرە-بێت"))( المسکینی، ل٢٢٩). هەروەها مردن کۆتا خاڵە، کە ئێتر کۆتایی بە هەموو هێز و توانایەک بە بوون دەهێنێت و بوون-ڕووەو- مردنیش شێوازێکی نوێیە، کە دازاین بۆ خۆی دەینووسێتەوە.(صفدی، ؟ ، ص٨٤)

کەواتە وەکو هاوکێشەیەکی بیرکارییانە مادام مردن حەقیقەت وڕاستیی و یەقیینە کەوا بێت (بوون)یش ڕاستییە؛ هەربۆیە لەڕێگەی مردنەوە دەگەینە ڕاستی بوون. ئەمەش دەرفەت بۆ شاعیران بەگشتی و شاعیری نوێخواز دەرەخسێنێت، کە سوود لە ترسناکی مردن وەربگرێت و وەکو هۆکارێکی گرنگ بۆ داهێنانەکەی بەرجەستەی بکات، چونکە مردن((ترسناک و سەرەکیترین هۆیە بۆ دڵەڕاوکێی داهێنان، ئامادەکردنی ئەم مەرگەش هێزی شیعرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گرفتەکانی ژیان و مان))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل٣٣).

دەرگایەکی دیکەیتر بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی بوون، شیعرە؛ لەبەر ئەوەی هایدیگەر پێیوایە، کە ((شیعر تەنیا لایەن و پێکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری نییە، بەڵکو شیعر ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە))(حەسەن، ٢٠١٧، ل٩٠)، چونکە شیعر دەربڕی ناخی مرۆڤە وشاعیر لە سۆنگەی هەستکردنی بە پێویستی خاڵیکردنەوەی دەروونی خۆی و دەرخستنی خودییەتی وبوونی خۆی پەنای بۆ شیعر بردووە.ئەمەش بۆ هایدیگەر گرنگییەکی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی بۆ روون کردنەوەو چەسپاندنی پرۆژە فەلسەفییەکەی پێویستی بەڵگەی قەناعەت پێهێنەر هەبووە. هەربۆیە هایدیگەر پێیوابووە شیعر دەتوانی ڕاستی بوون دەربخات. لە ئەنجامدا شیعرەکانی هۆڵدەرلن"ی شاعیری ئەڵمانی دەکاتە سەرمەشقی روونکردنەوەکانی. دیارە ((هایدیگەر بۆ دوو مەبەست هۆڵدەرلن وەکو شاعیرێکی ڕەسەن هەڵدەبژێرێت و لە بەر ڕۆشنایی هۆنراوەکانیدا مەبەستەکانی شیدەکاتەوە :یەکەم/لە ڕێگەی هۆڵدرلنەوە لە ناوەڕۆکی شیعر تێدەگەین، هۆڵدەرلن پێمان دەڵێت شیعر چییە وچ ناوەڕۆکێکی هەیە. دووەمیان/ پێویستیی مرۆڤی سەردەم بۆ شیعر بە تایبەتی و هونەر بە گشتی لە شیعرەکانی هۆڵدەرلندا دەردەکەوێت.ئەمە دەوری شیعر وەکو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نەریتی میتافیزیک و هیچگەرایەتیدا بەرجەستە دەکات))(کەمال، ٢٠١٧، ل١٨٦) .

ئەمە لە لایەک لەلایەکی دیکەوە، بە تایبەتر ((لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆژییەوە، شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتیی بە زمانەوە هەیە، زمانیش ماڵی بوونە و شیعر ڕاستیی بوون دەردەبڕێت. دەربڕینی ڕاستیی بوون دەبێت بە چییەتی یان ناوەڕۆکی شیعر. شیعر وەکو بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە شێوازی ڕەسەنانەی بوونی دازایندا ئەرکی دەرخستنی ڕاستی بوونی پێ دەدرێت.هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، بە تایبەتی ئەوانەی قووڵترینن، لە نێو خۆیاندا شیعرین، بەڵام هێشتا نابن بە هونەری شیعر.بە هەمان شێوە، بەرهەمی شیعری، وەکو سروودەکانی هۆڵدەرلن، خاوەنی هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفە نین))(کەمال، ل ١٨٧). چونکە وەکو ڕوونە، کە شیعر و فەلسەفە خاوەنی ناوەڕۆکی جیاوازن و میتۆدی جیاوازیان بۆ دەربڕینی ڕاستی بوون هەڵبژاردووە.(کەمال، ٢٠٠٥، ل١٠٣) ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە فەلسەفە ڕاستەوخۆ ڕاستییەکان دەستنیشان دەکات و دەردەبڕێت، کەچی شیعر لەناو بەرگێکی هونەرییدا ڕاستییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین، کە ناوەرۆکی فەلسەفی، زەمینەی لێکچوونی نێوان شیعر و فەلسەفەیە؛ چونکە((شیعر، وەکو بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئۆنتۆلۆژی، ڕاستیی بوون دەردەخات و داوامان لێدەکات ئەو ڕاستییە بناسین. هەڵبەتە هەموو شیعرێک خاوەنی ئەو ناوەڕۆکە نییە، بۆیە دەکرێت لەسەر ئەم بناخەیە دوو جۆر شیعر دیاریبکەین، ئەو شیعرەی ڕاستی بوون دەناسێنێت و ئەوەی ڕاستییەکە ناناسێنێت و بوونی لە بیرچووە))(کەمال، ٢٠١٦، ل٣١).

ئەو سەردەمەی، کە ئێستا ئێمە تێدا دەژین، پێویستی بە هونەرو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەیە، چونکە ناوەرۆکی هونەر و ئەدەب داهێنانە. بۆ رزگاربوونمان لەو لێشاوە بە خوڕەی تەکنەلۆژیایەی، کە خەریکە ناسنامەی مرۆڤبوونمان لێبسەنێتەوە و بمانکاتە کۆیلەی خۆی پێویستە شاعیرانە بیربکەینەوە و بیر لە داهێنان لە رێگەی هونەر بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بکەینەوە. کەوا بێت شیعر بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە و مرۆڤی ڕەسەن خاوەنێتی و(( ئەگەر شیعر بیرکردنەوەی داهێنەرانە، یان داهێنان بێت، کە مرۆڤی ڕەسەن خاوەنێتی؛ ئەوا شیعر بۆ سەردەمەکەمان پێویستە، یان ئامادەبوونی شیعر ئامادەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەسەنێتیی بوونە.هایدیگەر بۆ سەلماندنی پێویستی ئامادەبوونی شیعر نموونەی شیعرێکی هۆڵدەرلن بەناوی (نان و شەراب) دەهێنێتەوە،

لەم کاتی نەهامەتییەدا

چی پێویستییەکمان بە شاعیرانە؟

ئامادەنەبوونی شیعر لە کاتی نەهامەتیدا پێویستییەکە بەرجەستەدەکات))(کەمال، ل٣٣).

سەردەمی تەکنەلۆژیا، سەردەمی نامۆبوونی مرۆڤە، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ قەیرانەکان بەتایبەتی قەیرانی هزر؛دەرچەی ڕزگاربوون لەمەش گرتنەبەری ڕێگەی شاعیرانەیە؛ هەربۆیە هایدیگەر پێوایە(( شیعر هاوشانی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجییانە، نەک

مێتافیزیک، لەدوو سەرەوە پەیوەندی بە ڕاستی بوونەوە هەیە.یەکەم، شیعر لە بوونی ڕەسەنی(دازاین) مرۆڤەوە بەرجەستە دەبێت و دووەم، ڕاستی بوون دەردەخات. لەم ڕوانگە ئۆنتۆلۆجییەوە شیعر بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەکات بە بوونێکی شاعیرانە))(کەمال، ل٣٤).

'هۆڵدەرلن'ی شاعیر پێوایە مرۆڤە ڕەسەنەکان دەتوانن وەکو شاعیرەکان شاعیرانە بژین، هەروەک لەم شیعرەیدا دەردەکەوێت،کە دەڵێت:

| |
|---|
| "مرۆڤی خاوەن پلەو پایە |
| شاعیرانە |
| لەسەر زەمین نیشتەجێ دەبێت." |

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لێرەدا ئەو سێ چەمکەیە(شاعیرانە، زەمین، نیشتەجێ) کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، ئەوەی زیاتر واتای نیشتەجێبوونە، کە بۆ پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژییانەی (بوون-لەنێو- جیهان)دا دەگەڕێتەوە. هێنانەوەی ئەم شیعرەی هۆڵدەرلن بە نموونە لای هایدیگەر مەبەستیتری لە پشتەوەیە، ئەو پێمان دەڵێت؛ پێویستە هەموو مرۆڤێک شاعیرانە ژیان بگوزەرێنێت، لەبەرئەوەی شاعیر کەسێکە ئاشنایە بە بوون و ڕاستییەکەی دەردەخات. شاعیری ڕەسەن خاوەن پڕۆژەی تایبەتی خۆییەتی و داهێنان ئەنجامدەدات؛ هەربۆیە پێویستە ئێمەی مرۆڤیش هاوشێوەی شاعیران بژین و خاوەن پڕۆژەی خۆمان بین.

وەکو پێشترش  باسمان لێوەکرد، کە هایدیگەر، تێروانینی جیاوازە بۆ بوون وئەرکەکانی دڵەڕاوکێی بوون. بەبۆچوونی ئەو بوونی مرۆڤ دەوەستێتەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنەکەی و شێوازی بڕیاردانەکەی، هەر لەڕێگەی ئەمەشەوە دەگات بەڕاستی بوون، چونکە((مرۆڤ تەنیا هەبووێکە، بوون لەودا سات بە سات لەخۆی دێتە دەرەوە، بوونی خودا کەماڵی تەواو و نەگۆڕە و لەئەنجامدا کەم و کۆڕی نییە بۆ ئەوەی کە بیەوێ لەخۆی بێتەدرو تێپەڕێت. بەڵام مرۆڤ، خاوەن هەڵبژاردنە و بە جۆرێک روبەڕوی لایەنی پێداویستی و کەرەسەکانی خۆی دەبێتەوە و بۆیە بەردەوام بەرەوداهاتوو هەنگاو دەنێت، کەواتە لە پێشەوە دیاری کردنێکی تایبەت لە ئارادا نییە، بەڵکو لەسەر ئەو شتەی کەوا هەیە هەڵدەبژێرێت و شوناسی خۆی دیاریدەکات))(خاتەمی، ٢٠١٣، ل١٧٧-١٧٨). هەر لەم ڕێگەیەوە دەگات بە ڕاستی بوون، هەربۆیە دەتوانین ئەمەش بە دەرگای سێیەمیی تێگەیشتن لە  ڕاستی بوون دابنێین،  چونکە مرۆڤ لەئەنجامی ناسینی خود و ئاشنابوونی بە مردن و دەرئەنجامەکانیان بەرچاوی روونتر دەبێت سەبارەت بە بوونەکەی.

هایدیگەر، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەلایەن ئەوانەی توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە، فەلسەفەکەیان دابەشی دوو قۆناغ کردووە، لە قۆناغی دووەمی هزریدا، گرنگییەکی زۆری بە گوتەی شیعری دەدات، جگە لە گوتەی فەلسەفی لۆژیکی، یاخود عەقڵانی. شاعیر هاوشێوەی فەیلەسوفە لە گەڕان بە دوای پاکیی، بێگەردی، دواتر دۆزینەوەی گوزارشتکردن لێی بە وشە .(ئەحمەد، ٢٠١٨، ل١٤٨)

گەیشتن بە ڕاستی بوون، ئەرکێکە لای شاعیران ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لای شاعیرێکی وەک 'سەباح ڕەنجدەر' بۆ نموونە لە دەقی ژمارە(٨٧)ی شیعری (ساڵی سفر)دا، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| سێبەر و هەتاو دوو دیکتاتۆرن | |
| یەک ئەویتر لەناو دەبا | |
| تاهەتایە لەم شەڕەن و ناوبژیوانیان نییە | (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٥٧) |

شاعیر لێرەدا، توانیویەتی لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی ستەم و دادپەروەری لەلایەک، هەڵگێرانەوەی پێوەندییەکان لەلایەکی دیکەوە، ئەو ئەرکە بەجێ بگەیێنێت. هەروەها شاعیر هاتووە یەکێک لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی  داوە بە  دوو دیاردەی سروشتی(سێبەر و هەتاو)، ئەویش "دیکتاتۆر"یە.

دەتوانین بە شێوەیەکی دیکە لەو دەقە بڕوانین؛ لێکچواندنی (ژیان و مردن) بە (سێبەر و هەتاو)، کە هەردووکیان بەدوای یەکتر دادێن و یەکتری تەواودەکەن لە هەمان کاتیشدا یەکتری لەناو دەبەن... لەدایکبوون سەرەتای ژیانە و مردنیش کۆتایی ژیانە. دیارە هەمان کردە لە نێوان (سێبەر و هەتاو) دووبارە دەبێتەوە، دەرکەوتنی سێبەر واتا کۆتایی هەتاوە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ڕەنجدەر بە هێنانەوەو کێشانی ئەو وێنە شیعرییە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە ژیان و مردن یاخود بوون و نەبوون دوو دیاردەی ڕاستن و تا کۆتایی گەردوون هەروا دەبێت، بەمەش شاعیر دەگات بە ڕاستی بوون. شاعیر بەردەوام دەبێت لە دەربڕینەکەی و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| دووداڵی ڕوخساریانی گەرم و سارد كردووە | |
| قەت تێر خەو نابن | (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٥٧) |

لێرەدا ئەو دەقە بۆتە پانتایەک بۆ هزرەکانی شاعیر، شاعیر لە هەوڵی مەزراندنی هزرە لەنێو شیعرەکەیدا لەڕێگەی زمانەکەیەوە، هەروەها ڕۆچوونیەتی بە نێو بووندا و گەیشتنە بە ڕاستی بوون. هەر ئەو دڵەڕاوکێیەشە وایکردووە مرۆڤ بەردەوام بێت لە کۆشش و هەوڵدان تا دەگاتە قۆناغی بڕیاردان، چونکە دڵەڕاوکێی، پێشمەرجێک و ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ تێگەیشتن و هەڵبژاردن وبەردەوامیدان بە ژیان، هەروەها ڕەسەنایەتیشی دەردەخات.

**٢-٣-٢-دەستەبەرکردنی ئازادی بوون:**

پێش ئەوەی لە مانا و مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادی بوون بگەیین، گونجاوو دروستە لە واتای ئازادی بگەین، بەتایبەتر لە دیدی ڕێبازی بوونگەرایی چونکە((ئازادی بوونگەرایی ڕاستییەکی بابەتی نییە سەلماندن، یان ڕەتکردنەوە بگرێتە خۆ، بەڵکو ئازادی ژیانە و ناکرێت یەکگرتنێک لە نێوانی و نێوان مەعریفەدا بەدی بهێنرێت، یاخود لە نێوان ئازادی و توانای هەڵبژاردندا، یان لە نێوان ئازادی و یاسادا یەکگرتنێک بەدی بهێنرێت))( ئەحمەد، ٢٠١٦، ل١٢٤). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ((ئازادی بەیەکگەیشتن و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنە لە ناوەوە و دەرەوەدا و هاوپەیوەندییەکی بەردەوامە لە نێوان شتەکان و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا))(ئەحمەد، ل١٢٦). ئەمەش وادەکات دەرخەری ئەوە بێت، کە ((لە بنچینەدا چیەتی ئازادی هیچ پەیوەست بوونێکی بە ویست"ئیرادە"وە نییە))(هیدجر، ١٩٨٨، ص٨١). چونکە ((ئازادی بریتییە لە ناخی بوونی مرۆیی))(ئەحمەد، ل١٢٦). هەروەها چەمکی ئازادی، چەمکێکی ناجێگیرە، لەبەر ئەوەی ئازادی(( ئەو دۆخە نییە، کە تیایدا دەژین، بەڵکو ئەو دۆخەیە، کە دەمانەوێت هەبێت بۆ ئەوەی تیایدا بژین))(سیوەیلی، ٢٠٠٨، ل٢٣٦).

کاتێک دەڵێین ئازادی یەکسەر بوونی مرۆڤ دێتە پێشەوە، واتا ئەوە مرۆڤە پێویستی پێیەتی و بگرە بەندە بە خودی هۆشیارییەکەشیەوە، هەر مرۆڤێک ئازادی بە مانا گشتییەکەی نەبێت، ئەوا بوونیشی نابێت. 'پێلاگۆس'، کە زانایەکی بوونخوازە دەربارەی مرۆڤ و ئازادییەکەی دەدوێت و پێوایە((ئەو بێ گوناهە و ناشێت بە تێگەتیڤ باس بکرێت و لە بەهەشتەوە فڕێ نەدراوەتە سەر زەوی، بەڵکو لەسەر ئەم زەوییە دروست بووە و لێرەش دەمرێت و هیچ هێزێک ناتوانێت خۆی بەسەردا بسەپێنێت ...مرۆڤ سەربەستە و خاوەنی خۆیەتی و لە ئاستی کردەوەکانیدا ڕووبەڕووی خۆی بەرپرسیارە))(کەمال، ٢٠٠٤، ل١١٢). لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە مرۆڤ لەڕێگەی بەرپرسیارەتیەکەی خۆیەوە ڕێگای خۆی ڕۆشنکات چونکە((ئازادی بەندە بە دڵسۆزیی تاک بەرامبەر خۆی، پێویستە خود تاریکیی بوونی خۆی ڕووناک بکاتەوە تاوەکو ڕاستییەکەی دۆزرێتەوە و لە کۆتاییدا بگاتە ئاستیبوونی ڕەسەن" یان "خودی ڕاستەقینە"))(ئەحمەد، ل١٢٥). چونکە مرۆڤ هەر((چەند خاوەنی خۆی بێت و چەند خوڵقێنەری خودی خۆی بێت لەو وێنەیەدا کە بۆ خۆی دروست کردووە، ئەوەندە بوونی ڕەسەنە))(بەرزنجی، ٢٠٠٥، ل٢٣٤). بە پێچەوانەوەش ئەگەر مرۆڤ خاوەنی بوونێکی ناڕەسەن بوو، ئەوا ((بەشێوەیەکی باو هەر لەبواری بوونی بێزراو و ساختە و لەژێر کاریگەری تەمبەڵی و فشاری نەریتەکان و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکاندا دەمێنێتەوە))(عەبدولعەزیز، ل٧٤٩). هەروەها ئەو بوونە واقیعێک دەگرێتەبەر، کە واقیعی خۆی نەبێت و بوونەکەی بریتیی دەبێت لە ترسنۆکی و بەرگە نەگرتنی بەرپرسێتی لە ژیاندا. (نەهایی، ٢٠٠٧، ل ٨٠) لەم ڕێگەیەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئازادییەوە، بەتایبەتر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئازادی بوونی بۆ دەستەبەر دەبێت، چونکە لەو کاتەدا لەژێر دەسەڵات و کاریگەری هیچ کەس و لایەنێک نییە، هەر بۆیە لە ڕێگەی توانا و لێهاتوویی خۆی دەیەوێت بەو ئاکامە بگات. بەمەش هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت و لە ئەنجامدا خودی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. هایدیگەر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات لە ڕێگەی دڵەڕاوکێی بوونەوە، کە دەڵێت : ((تەواوکۆیی مرۆڤ لەوێدایە چۆن مرۆڤ لە بوونی سەربەستیدا بە نیگەرانییەوە ئەگەرەکانی دەکات بە پرۆژە و دایاندەمەزرێنێت.'نیگەرانی'بڕیار لەسەر شێوازی بوونی فڕێدراوی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەدات...مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە نیگەرانییەوە ڕەفتاردەکات و خۆتەرخانکردنەکەی بەرەو ئەوەی مەبەستێتی ڕێنمایی دەکات.بەگشتکردن ئۆنتۆلۆژییانە و لەپێشترە.ئەوەی باسیدەکەین دەستەوتاقمێک خەسڵەتی ئۆنتیکی نییە، کە بەردەوام سەرهەڵدەدەن، بەڵکو شێوازی بوونە و لە هەموو حاڵەتەکاندا زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆژی خۆشدەکات، تاکو ئەم هەبووە بتوانێت بوونی خۆی ئۆنتیکییانە، وەکو نیگەرانی بەدۆزێتەوە))(هایدیگەر، ٢٠١٣، ل٢٨٣). هاوشێوەی ئەمەش ئازادی بۆ شاعیر وەکو پێداویستیەکی گیانی گرنگە بۆئەوەی بتوانێت لە خود و ئامانجی دروست بوونی خۆی بگات. لەبەرئەوەی ((ئازادی-ئازادی نووسین-

پێویستە بۆ فیکرو دڵ و ئەدەب، هاوشێوەی هەواوئاوو خۆراکە بۆ گشت لاشەیەکی زیندوو، هەر کاتێ ئازادی بووە زیندانی ترس و شتە باوو بیروباوەڕەکان، ئەوا ئەو هەوایەی هەڵدەمژرێ و ئەو ئاوەی دەخورێتەوە و ئەو خۆراکەی دەخورێ بۆگەن دەکەن...))(مەلا تەها، ٢٠٠٨، ل٥). و ئازادی بوون دەستەبەر ناکات ، بەڵام شاعیری نوێخواز، لەم بوارەدا پشکی شێری بەر کەوتووە، هەر لە شێوازی نووسین و دەربڕینی ناخیدا تا دەگاتە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و دەسەڵات، چونکە بەلای شاعیری کوردو بەتایبەتتر شاعیری نوێخواز کورد، زمانە شیعرییەکەی دەرچەیەکی لەبارو گونجاوە بۆ دەربڕینیەکەی، هاوکات بۆ فەراهەمکردنی ئازادی بۆ خودی خۆی و مرۆڤایەتی بە گشتی. شاعیری نوێخواز لە ڕێگەی زمانەکەیدا دەتوانێت، ژیان لە بەرگ و قاڵبێکی دیکەدا ببنێت و لێکدانەوەو ڕاڤەیەکی شیاو وجیاواز و هەمە لایەنەی بکات. شاعیری نوێخواز هەر بەهۆی زمانەکەی و ئەو ئازادییەی کە درکی پێدەکات، دەتوانێت گوزارشت لە بوون و کەینونەی خۆی بکات و پێناسەی ڕاستیی بکات و بە دوای مانا و شکڵە پەنهان و نەبیندراوەکانیدا بگەڕێت. ڕاستیەکەش لە خودی دەقەکەدایە، زمانەکەشی مانای بوونی خودی شاعیر و خوێنەریش دادەڕێژێت.( شەشۆیی، ٢٠١١، ل١٢١)

مەسەلەی ئازادی و دەستەبەرکردنی ئازادی بوون، بابەتی شیعری زۆربەی شاعیرانی نوێخوازە، بەتایبەتتر ئەو شاعیرانەی خاوەنی هزر و پێگەی شیعری خۆیانن و داهێنەرانە لەڕێگەی ئەو زمانە تۆکمە و هزرە بەهێزەی کە هەیانە بۆ شتەکان دەچن، چونکە شاعیری نوێخواز ئەگەر نەتوانێت داهێنان لە زماندا بکات، واتە هزر و خەیاڵی داهێنەرانە نییە. "سەباح ڕەنجدەر" لەڕێگەی زمانەکەیەوە و بەشێوازێکی نوێخوازانەوە ڕووی لەو بابەتە هەستیار و گرنگە کردووە و بەهۆی دەربڕینی شیعرییەوە لێزانانە و جیاکاریانە توانیویەتی ئەو ئازادییە بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی دەستەبەر بکات، چونکە ڕەنجدەری شاعیر لە شێواز و بیرکردنەوەی شیعرییدا جیاوازە لەوانیتردا. بۆ نموونە لە کۆپلەی ژمارە(٧٣)ی شیعری (ساڵی سفر)دا، شاعیر بە ئەوپەڕی متمانە بەخۆبوون و ورە بەرزییەوە خۆی لە قەرەی ئەو بابەتە داوە و شانازی بەوە دەکات کە هەرگیز سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و تانەوتەشەر ڕێگر نەبوونە و نابن لە بەردەم داواکردنی ماف و دەستەبەرکردنی ئازادی بوونیی، هەروەک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| درەخت بە تەپوتۆز ناخنکێت | (ڕەنجدەر،٢٠١٨،ل١٤٩) |

ڕەنجدەر، وێنەیەکی هەستی جوانی کێشاوە، ڕاستییەکی نیشانداوە هەموو تاکێک هۆشیاردەکاتەوە و پێوایە کە دەستەبەرکردنی ئازادی بوون پێویستی بە خۆڕاگری و تێگەیشتن و وردبوونەوەیە لە دەوروبەردا. شاعیر بەردەوام دەبێت لە کێشانی وێنەی شیعری بە هێنانەوەی هێمای جیاجیا و وێنەی تەواوی ئەبستراکتی، کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| منداڵێک چەترێکی سووری بەسەر خۆیەوە هەڵدابوو | |
| وای ڕاگەیاند سروشت وریا بووەوە | (ڕەنجدەر، ٢٠١٨،ل١٤٩) |

لێرەدا بەکارهێنانی وشەی (منداڵ) وەک هێمای پاک و بێگەردی و بەستنەوەی بە ڕەنگی (سوور) کە نیشانەی وریاکردنەوە و سەرنجدانە. ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ و هاندانی بۆ بیرکردنەوە و هەوڵدان. شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| جاڵجالۆکە لە جۆشی ژیان داوی تەونی خۆی توند دەکات | (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٤٩) |

سروشتی ژیان وایە تا لەژیاندا بیت، دەبێت هەموو وردەکارییەکانی تاقیبکەیتەوەو بیچێژیت، خۆشتی بۆ ئامادەبکەیت، ئەو کاتە ڕەسەنانە دەڕوانیتە ژیان، ڕەسەنایەتی بوونی خۆت دەسەڵمێنیت و هەنگاو بەرەو تێگەیشتن دەنێت و گەیشتن بە ئازادی دەستەبەردەکەیت. هێنانەوەی "جاڵجالۆکە" بە نموونە هیوا و ئومێد بەخشینە بە ژیان، لای هەمووومان ئاشکرایە کە ماڵی "جاڵجالۆکە"بە کزە بایەک یاخود بە دەست لێدانێک لەناو دەچێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوامە لە کارکردن وهەوڵدان بۆ باشترکردن و پتەوکردنی ماڵ و حاڵی.ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە سەربەخۆی و چێژوەرگرین لە ئازادی بوون پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانە. شاعیر هەر بە ئەوەندە ناوەستێت، و مرۆڤ ئاگادار کاتەوە، بەڵکو بە جۆرێکی دیکە لە ڕێگەی وشەی (تکایە) ئەم کارە ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی تێبگەینێت کە دەوروبەر کاریگەری خۆی هەیە؛ بۆیە پێویستە ئامادەبێت بۆ هەر پێشهاتەیەکی چاوەڕوانەنەکراو....چونکە دەستەبەرکردنی ئازادی بوون وا بە ئاسانی دەستەبەر نابێت، مرۆڤ پێویستی بە دڵەڕاوکێی هەیە، و دوودڵبوونی گەیشتنی بەو شتەی هەوڵی بۆ دەدات ئاسان دەکات. کەوا بێت ئەوە زمانە شیعرییەکە و دڵەڕاوکێی بوونی شاعیرە وایکردووە ئەو وێنە شیعرییە هەستییە جوانانە خۆیان بئاخنە نێو ئەم دەقە و شاعیر ئەو هزرە فەلسەفییە دەربڕێت کە

مەبەستیەتی، چونکە ((ئەو شاعیرەی بیەوێ دڵەڕاوکێی بوون بخاتە بەر بینین، بە شێوەیەکی هەستی، ئەفسانەی ئەزەلی و فیکر دەردەبڕێت))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل٩٩).

**٢-٣-٣- (نەبوون)وەکو هۆکاری تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە:**

بۆئەوەی لە بوونی ڕاستەقینە بگەین، پێویستمان بەوە هەیە لە نەبوون و پەیوەندی نێوان بوون و نەبوون بگەین. هایدیگەر لە کتێبی(مێتافیزیک چییە)دا تیشک دەخاتە سەر ئەو پرسیارە، کە "لایب نیتز"کردوویەتی و کە وتبووی"بۆچی لە باتی ئەوەی، کە پرسیار لە بوونی شتەکان بکەین پرسیار لە نەبوونیان ناکەین؟"هایدیگەر ئەم پرسیارەی بەدڵە و دەڵێت؛ ئەم پرسیارەی لایب نیتز زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە،بەڵام کێشەی پرسیارەکەی ئەو لەوەدایە، وەڵامێکی مێتافیزیکی پێدەداتەوەو پێویستە ئەم پرسیارە بە هێند وەربگرین. هایدیگەر پێوایە، مێتافیزیک پرسیار لە نەبوونە، بەڵام لای فەیلەسووفە مێتافیزیکییەکانی دیکە، پرسەکە لە بوونەوە دەستپێدەکات، نەبوون، بوونێکە، هێشتا دەرنەکەوتووە.( خاتەمی، ٢٠١٣، ل٢٢٢) کەوابێ مەسەلەی نەبوون و گەیشتن بە وەڵامی ڕاستەقینە دەروازەیەکی باشە بۆ تێگەیشین لە بوون، چونکە هایدیگەر پێوایە((بوون بە نەبوونەوە بەندە))(خاتەمی، ل٢٢٣). جگە لەمەش هایدیگەر پێیوایە، کە((بوون ونەبوون پێکەوە پەیوەندییان هەیە))( خاتەمی، ل١١٨).هەروەها نەبوون"عەدەم" و تێگەیشتن بەیەکەوە بەندن، بگرە بەجۆرێک لە جۆرەکان تێگەیشتن وابەستەی نەبوونە و (('عەدەم' زۆر لە "نا" و لە نەفیکردن ڕەسەنترە. بەم جۆرە توانای نەفیکردن بەو پێیەی بەرهەمی تێگەیشتنە و، خودی توانا تێگەیشتن، بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر "عەدەم" رادەوەستن))(هیدجر، ٢٠٠٣، ل٢١).

دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانیین، کە نەبوون لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، دواتریش دڵەڕاوکێیش بەداوادادێت. کەوا بێت دڵەڕاوکێی و نەبوون دوو ڕووی یەک دراون و دوو مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی بگات. کەواتە هەرکاتێک مرۆڤ کەوتە حاڵەتی درککردن بە  دڵەڕاوکێی بوون و پەیوەستی کرد بە نەبوونەوە، ئەو کاتە دەگاتە ئاستی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی شتەکان و، نەبوون دەبێتە فاکتەرێکی باش و گونجاو بۆ تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە، چونکە((نیگەرانی عەدەم ئاشکرا دەکات))(عەلی، ٢٠٠٨، ل٦٥). هەر کاتێکیش نەبوون ئاشکرابوو، ئەوە لەڕێگە ئەوەوە دەگەین بەڕاستەقینەی شتەکان، هەربۆیە هایدیگەریش لەڕێگەی" نەبوون"ەوە، گرنگی بە دەرخستنی هزری ڕاستەقینە دەدات. ئەوەش لەڕێگەمیتۆدی(فینۆمینۆلۆژی-هێرمینیۆتیکی)یەوە. هەروەها ((نیگەرانی سەرچاوەی هەموو شتەکانە))( کامۆ، ٢٠١٤، ل٣٩). کەواتە دڵەڕاوکێ و نەبوون،  سەرچاوەو فاکتەری گرنگن بۆ تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە.

ڕاستییەکان شاراوەن و بەڵام دواجار هەر دەردەکەون.دیارە ڕاستی لە فەلسەفەی کلاسیکدا بریتییە لە جووتبوونی وێنەی زەینی لەگەڵ وێنەی بابەتی لە جیهانی دەرەوەدا، بەڵام ڕاستی بەلای "هایدیگەر"ەوە چەمکێکی جیاوازی هەیە کە پێوەندیی بەوەڵامدانەوەی پرسیاری"هەبوون"ەوە هەیە، واتە بریتییە لە دەرکەوتنی"بوونەوەر"لە"بوون"دا؛ بۆیە"هایدیگەر" زاراوەی"دازاین" بەکاردەهێنێت، کە بریتییە لەو بوونەوەرەی کە لەگەڵ شتەکانی ناو جیهاندا"بوون"ی هەیە و کار لە یەکدی دەکەن. ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن ئێمە بەو ڕاستییە دەگەین؟ "هایدیگەر"لە وەڵامدا پێوایە کە "زمان" بەو ئەرکە هەڵدەستێت لەڕێگەی بەکارهێنانی مێتۆدی هێرمینیوتیکاوە کە کاری دۆزینەوە بۆ"دازاین" دەکات، واتە(هایدیگەر)گرنگی بە ئەنتۆلۆژیای زمان دەدات لە کەشفکردنی بوونەوەرەکانی جیهاندا، مەبەستیش لە"زمانی شیعر"ە نەک زمانی ئاسایی، چونکە زمانی ئاسایی بە تەنیا وەسفی شتەکان دەکات، بەڵام زمانی شیعر کەشفی شتەکان دەکات یان دەیانخولقێنێت، ئەمەش دەمانبات بەرەو لێکۆلینەوە لە (ئەنتۆلۆژیای شیعر) لەم بوارەدا "هایدگەر" پێوایە، کە "زمان"  لەڕاستیدا شعرە، چونکە شیعر پێکهێنەری "بوون"ە لەڕێگەی زمانەوە، واتە ڕاستی شتەکان لە کاری شیعری و هونەریدا دەردەکەون. ( بەکر،پ.د.محەمەد،٢٠٢٠)

پێویستە  لێرەدا هەڵوەستیەک بکەین و ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە مەرج نییە، دەرخستنی ڕاستیی بوون بەردەوام لە زماندا ڕوو بدات(( چونکە لەبیرچوونی بوون و شێوازی نارەسەنانەی مرۆڤ، زمان بۆ گوتنی لەکارکەوتوو دەگۆڕێت. ئەو زمانەی ڕاستیی بوون دەردەخات و دەبێت بە ماڵی بوون، زمانی بوونی ڕەسەن و داهێنەرانەیە کە هایدیگەر بە زمانی (شیعری-هۆنراوە) ناوزەدی دەکات))(کەمال، ٢٠١٧، ل١٧٩-١٨٠) . هایدیگەر، کە بە پلەی یەکەم گرنگی بە مەسەلەی بوون داوە، ئەو گرنگیدانەش بە بەردەوامی ئاراستەی کردووە بەرەو زمان و شیعر، واتە زمان و شیعر ئەو شوێنەن، کە لەناویدا بوون خۆیدا دەدۆزێتەوە. هەر کاتێکیش هایدیگەر قسەی لەسەر زمان کردووە، شیعرش خۆی بە سەر فەلسەفەکەیدا سەپاندووە، بەو پێیەی شیعر زمانی ڕاستەقینەی دەربڕینە، ئەم تێڕوانینەش دەگاتە ئەو ئاستەی لە کردارێکی یەکبوونی تەواودا زمان و شیعر ببن بەیەک...دواتر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێت هیچ شتێک لە دەرەوەی شیعر بوونی نییە، بە واتایەکی دیکە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە.(شارەزووی، ل ٧١-٧٢)

هایدیگەر کاتێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان لەڕاستییدا شیعرە، دەگەڕێتەوە بۆ واتای بنەڕەتی وشەی شیعر لە زمانی یۆنانیدا. وشەی (poietikos-poisis) بە زمانی لاتینیدا (poeticus)، ئەم وشەیە بە یۆنانی مانای (داهێنان و بەرهەمهێنان) دێت، بەلای ئەوانەوە شیعر داهێنان و شاعیر داهێنەر بووە کە بە خەیاڵی توانیویەتی وێنە هونەرییەکان بە زمان دەربڕێت.(کەمال، ٢٠١٧، ل١٨٠) لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هایدیگەر پێوایە، مەرج نییە هەموو دازاینێک بتوانێت ببێت بە شاعیر و داهێنان بکات بۆ نموونە وەک "گۆران"ی شاعیر. چونکە ئەمە پێویستی بە کەسی خاوەن پرۆژە تایبەت  و خاوەن بڕیاردەری خودی خۆی بێت و داهێنەرانە بیربکاتەوە هەیە.

ئەو سەردەمەی ئێمەی مرۆڤ تێدا دەژین وپێدا گوزەردەکەین، پێویستی بە هونەر و داهێنانە، چونکە((داهێنانی هونەری دۆزەرەوەی ڕاستییە و بوونێک لە نەبوونەوە دەخاتە بەر ڕۆشنایی زانین و لە هەمان کاتیشدا بوونی داهێنەرەکەمان بۆ زەقدەکاتەوە....تەماشاکردنی تابلۆیەک یان خوێندنەوەی هۆنراوەیەک بەرەو لای داهێنەرەکەی ڕاماندەکێشێ. بەم شێوەیە داهێنانی هونەری دوو جۆر بوونمان بۆ دەردەخات؛ بوونێکی نەناسراو یان لە پێشتر نەبوو))(کەمال، ٢٠٠٤، ل١٣١).

ڕەنجدەر، لە کۆمەڵە شیعری (ساڵی سفر)دا و بەتایبەتتر لە دەقی ژمارە(٩٣)دا زۆر بە هۆشیارانە ئەو ئەرکەی بۆ دەرخستووین، کاتێک دەڵێت:

| |
|---|
| وردە بەرد و زیخی سەر زەوی و ژێر ئاو خولیا و خەمن |
| ئەو ماسی زگی لەسەر دەخشێنێ |
| ئەمیش پێی ڕەشی مرۆڤ |
| وردە بەرد و زیخ |
| جگە لە ماسی و مرۆڤ چی تریان خۆشدەوێ |
| لەناو دەنووکی باڵندەیەکداین |
| دواتر لەناو چین و ساپیتەی خانوو |
| بیر و دڵ نابن بەیەک |
| باڵندەی گۆشتخۆر لە بەرزاییەوە |
| دانەوێڵەخۆر لە ژێر باڵی خۆی دەبینێت |
| ڕەشەبا ڕووبەڕووی باڵ دەبێتەوە                (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٦٠) |

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەو بەرهەمە شیعرییەدا، بەتایبەتی لەم دەقەدا، شاعیر سانسۆری خستۆتە سەر چۆنیەتی دەربڕینی خۆی، وشە و دەستەواژەگەڵێکی بەکارهێناوە، کە پڕن لە واتا و دەلالاتی تایبەت. زمانە شیعرەکە لەڕووی پێکهاتەی زمانییەکانیەوە، زمانێکی تۆکمە و ڕستە دەستەواژەکانی ڕێک و ڕەوانن، بەڵام لەرووی واتاوە زمانێکی ئاڵۆزە و پەیامەکەی بە ئاسانی بە خوێنەر ناگات. هۆکارەکەشی بۆ ئەو بنیادە زمانییە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر بە مەبەستی گەیاندنی هزرە فەلسەفییەکەی کاری لەسەر کردووە. واتە زۆر بە ئاگایانە دەستی بۆ وشە بردووە و وێنەی تایبەتی پێکێشاوە؛ هەر ئەم جۆرە شێوازەیە وایکردووە کە خوێنەری ئاسایی نەتوانێت بە ئاسانی تێیانبگات، چونکە وێنەکانی وێنەی فەلسەفی و قووڵن، خاوەنی کۆدی تایبەتی خۆیانن.

هەر لەم دەقەدا، ئەوەش تێبینی دەکرێت، کە شاعیر تاڕادەیەکی باش یەکێتی وێنەی پەیڕەو کردووە و بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، ئەو وێنە جیاجیایانەی کێشاوە، دواتر لە کۆتاییدا تابلۆیەکی ڕەنگینی یەکگرتووی هزرە دەربڕاوەکەی نیشانی خوێنەری داوە. هەروەها شاعیر چەقی هاودژیی نێوان سۆز و لۆژیک لەلایەک و پەیوەندی پاڕادۆکسی نێوان (ماسی و مرۆڤ) و (باڵندەی گۆشتخۆر و دانەوێڵەخۆر) لە لایەکی دیکەوە زۆر بە لێزانانە نیشانمان دەدات، کاتێک، کە دەڵێت :

| |
|---|
| وردە بەرد و زیخ |
| جگە لە ماسی و مرۆڤ چی تریان خۆشدەوێ |
| لەناو دەنووکی باڵندەیەکداین |
| دواتر لەناو چین و ساپیتەی خانوو |
| بیر و دڵ نابن بەیەک |
| باڵندەی گۆشتخۆر لە بەرزاییەوە |

| |
|---|
| دانەوێڵەخۆر لەژێر باڵی خۆی دەبینێت |
| ڕەشەبا ڕووبەڕووی باڵ دەبێتەوە (ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ل١٦٠) |

کەوابێ لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، ئەم دەقە، دەقێکی فرە وێنەی شیعری و فرە واتاییە. هەروەها لە نەبوونەوە گەیشتووە بە بوونی ڕاستەقینە. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە داهێنەر یاخود شاعیر لە ڕێگەی دەربڕینی نا لۆژیکییانەوە، دەتوانێت نەبوون وەکو هۆکارێکی تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە بخاتەڕوو، چونکە بە دوورکەوتنەوەی لە شێوازی لۆژیکییانەوە جوانکاری دەبەخشێتە شیعرەکەیوو داهێنانەکەشی کاریگەرتر دەبێت. بۆ نموونە، ڕەنجدەر لە دەقی ژمارە(٨٧)ی شیعری "ساڵی سفر"دا دەڵێت:

| |
|---|
| سێبەر و هەتاو دوو دیکتاتۆرن |
| یەک ئەویتر لەناو دەبا (ڕەنجدەر، ٢٠١٨،ل١٥٧) |

شاعیر لەکاتی خستنەرووی ئەو وێنە ناوەزەیەیدا، پەنای بۆ بنیادی داماڵین لەڕێگەی لادانی زمانییەوە بردووە، ئەویش بە دانەپاڵی وشەی (دیکتاتۆر)، کە سیمای گیانەوەرە داویەتی بە هەردوو وشەی (سێبەر + هەتاو)، کە بێگیانن، نەگونجاندنی واتایی دروستکردووە، بەم شێوازە دەربڕینەدا شاعیر وای لە خوێنەر دەکات پەنا بباتەبەر خەیاڵی بۆ ئەوەی وێنەیەکی دیکە ببینێت و لێیتێبگات و بزانێت بۆ چ مەبەستێک شاعیر ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەم شێوازە دەربڕینە شێوازێکی بەرپەرچدانەوەی بیرکردنەوەی زانستییانە و لۆژیکییانەیە، چونکە سیفەتی دیکتاتۆری تەنها بە مرۆڤ دەدرێت و سێبەر و هەتاو دوو دیاردەی سروشتیین. شاعیر لەڕێگەی وێنەی بە مرۆڤکردندا وێنەیەکی جوانمان نیشاندەدات و توانیویەتی لەم شێوازە هونەرییەدا سەرکەوتوو بێت. ئەگەر بهاتبایە بەشێوەیەکی لۆژیکیانە دەربڕینەکەی دەربڕیبایە، ئەوا ئەو کات نەیدەتوانی ئەم کۆپلە شیعرییە جوانە بنووسێت و داهێنان لە دەربڕینەکەیدا بکات. کەوا بێت لێرەدا داهێنانی شاعیر ئەوەیە کە توانیویەتی لەڕێگەی زمانەکەیەوە بوونێک لە نەبوونەوە بهێنێتە بوون.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند خاڵێک، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١-هایدیگەر، لە دەرئەنجامی لێکدانەوەو بیرکردنەوەکەیدا، گەیشت بەوەی، کە دڵەڕاوکێی بوون هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستی بوون .

٢-دەستەبەرکردنی ئازادی بوون، دەرئەنجامی دڵەڕاوکێی بوونە.

٣-نەبوون، هۆکارێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی بوون.

٤- هەموو ئەو ئەلەمێنتانەی سەرەوە بە بۆچوونی هایدیگەر، لەڕێگەی کردەی شیعر و زمانی شیعرەوە بەرجەستەدەبن.

٥-سەباح ڕەنجدەر، لەڕێگەی زمانەکەی بەگشتی و بە تێڕامان و وردبوونەوەی لە تەک بەهرە خواپێداوەکەیدا، توانیویەتی وێنەگەلێکی هزری و فەلسەفی جوان بکێشێت، بە واتایەکی دیکە بوونێکی فەلسەفی بە شیعرەکانی بدات.

**لیستی سەرچاوەکان:**

قورئانی پیرۆز.

یەکەم/کوردییەکان

١-کتێب

١-ئەحمەد، نەجات حەمید.(٢٠٠٩) لەپێناوی تازەگەریی فیکریدا، چاپی یەکەم، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢-خاتەمی،پ.مەحمود.(٢٠١٣) سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: سەعید کاکی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣-ڕەنجدەر،سەباح.(٢٠١٩) چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٤-ڕەنجدەر، سەباح.(٢٠١٨)دیوانی سەباح رەنجدەر، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، تاران: چاپخانەی تاران.

٥-سارتەر،جان پۆل.(٢٠٠٤) بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، وەرگێرانی: رۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، سلێمانی: چاپخانەی دەزگای سەردەم.

٦-سیوەیلی، ڕێبوار. (٢٠٠٨) نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دهۆک: چاپخانەی خانی.

٧-شارەزووری،یادگار.(٢٠١٥) دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

٨-شەمیسا، د.سیروس.(٢٠١٨) رێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم،هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.

٩-عزیز، د.حمید.(٢٠١٣) فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٠- عەبدولعەزیز، فوئاد کامیل.(٢٠٠٥ ) چەند فەیلەسوفێکی بوونگەرا، سامان عەلی حامید، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١-عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب.(٢٠٠٥) خوێندنەوەی پەراوێز پەراوێزی خوێندنەوە، چاپی یەکەم،

سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

١٢-عەلی، بەکر.(٢٠٠٨) لەدایکبوونی مۆزیک لە ڕۆحی ڕۆمانەوە" بەرەو تیۆرییەکی ئۆنتۆلۆگیای بیستن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی: بڵاوکراوەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

١٣-عوسمان، هەرێم.(٢٠١٣) چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

١٤-قەرەچەتانی، کەریم شەریف.(١٩٩٩) هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

١٥-کاپوتۆ، ماریا ئەلتەرو خۆن.(٢٠٠٥) گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدیگەردا، وەرگێرانی: محەمەد کەمال،چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٦-کەمال، د.محەمەد.(٢٠٠٤) بوون و داهێنان، سلێمانی: دەستگای سەردەم.

١٧-کەمال، د.محەمەد.(٢٠٠٥) نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٨-کەمال، د.محەمەد.(٢٠٠٧) هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

١٩-کەمال، د.محەمەد.(٢٠٠٧) ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپا ئێکی، دهۆک: چاپخانا خانی.

٢٠-کەمال، د.محەمەد.(٢٠١١) فەلسەفەی ئەفلاتون.

٢١-کەمال، د.محەمەد.(٢٠١٣) فینۆمینۆلۆجی، چاپی یەکەم،سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

٢٢-کەمال، د.محەمەد.(٢٠١٤) فەلسەفەی بوون، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانەی رجانی.

٢٣-کەمال، د.محەمەد.(٢٠١٦) لۆجیکی هیگڵ،چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

٢٤-کەمال، د.محەمەد.(٢٠١٧) فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٢٥-کۆمەڵێک نووسەر.(٢٠١٦) بوونگەرایی رێبازێکی فیکری و فەلسەفی(بوونگەرایی و بوونگەرایان) زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم ١، وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٢٦-کۆمەڵێک نووسەر.(٢٠١٦) بوونگەرایی رێبازێکی فیکری و فەلسەفی(هەڵبژاردەیەک لە نووسین و گوتەی فەیلەسووفانی بوونگەرایی)، وەرگێرانی: ڕۆشنا ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٢٧-کێرنی، ڕیچارد.(٢٠١٩) مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج، وەرگێرانی: سەعید کاکی، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی تاران.

٢٨-مەلا تەها، بەرزانی.(٢٠٠٨) ئەدەبی فەلسەفی و ئەزموونە زیندووەکانی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

٢٩-ماکوای، جۆن.(٢٠٠٧) فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣٠-محەمدامین، بورهان.(٢٠٠٤) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی دووەم، تهران: چاپخانەی نقش و نگار.

٣١-نەهایی، عەتا.(٢٠٠٧) گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

٣٢-هایدیگەر، مارتن.(٢٠١٢) میتافیزیک چیە؟، وەرگێرانی: حەمید عەزیز، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣٣-هایدیگەر، مارتن.(٢٠١٣) بوون وکات، د.محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٣٤-هایدیگەر،مارتن.(٢٠١٨) لەنێوان(فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی)و(فەلسەفەی وجودی)، وەرگێرانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.

٣٥-وەرتێ، ئەحمەد. (٢٠١٦) تیۆری مەعریفە لەنێوان قورئان و فەلسەفەدا، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

**٢-گۆڤار:**

٣٦-گۆڤاری ئایندە، ژ(٩٦)، ئایاری ٢٠١١، جیهانە ئەفسووناویەکی شیعر، هەمزە شەشۆیی.

٣٧- گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٢١)،تشرینی یەکەمی ٢٠١٥، هزرڤانە پێشەنگە بوونگەراییەکان، وەرگێرانی لە فارسییەوە:بابەک سەحرانەوەرد.

٣٨- گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٤٦)، تشرینی دووەمی ٢٠١٧، (شیعر و فەلسەفە) یان (فەلسەفە و شیعر)، ناڵە حەسەن.

**٣-دەستنووس**

٣٩- بەکر،پ.د. محەمەد. (٢٠٢٠)کۆ وانەکانی فەلسەفەی ئەدەب بۆ قۆناغی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلێژی پەروەردە

دووەم/عەرەبییەکان:

٤٣- هيدجر،مارتن. (٢٠٠٢) نداء الحقيقة، ت: أ.د عبدالغفار المكاوى،الطبعة الاولى،القاهيرة: دار الشرقيات للنشروالتوزيع.

٤٢- هيدجر، مارتن.(١٩٨٨) الفلسفة في مواجهة العلم و التقنية، ت: د.فاطمة جيوشي، سوريا-دمشق: وزارة الثقافة.

٤٤-هيدجر، مارتن.(٢٠٠٣) ما الميتافيزيكا، ترجمة: اسماعيل المصدق، الجزء الثاني، الطبعة الاولى،القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة..

٤٠-صفدي، مطاع.(؟) الحريه و الوجود( مدخل الي الفلسفه)، الطبعه الاولى، بيروت: دار مكتبه الحياه.

٤١-ميد، هنتر.(١٩٧٥)الفلسفـة أنواعها و مشكلاتها،ت: فؤاد زكريا، الطبعة الثانية،القاهرة: دار النهضة للطباعة و النشر.

**قلق الوجود بين الشعر والفلسفة لدى هيدجر _ ديوان صباح رنجدر نموذجا**

**شرمين ابراهيم عزيز**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية التربية- قسم اللغة الكوردية
shrmen.azeez@su.edu.krd

**محمد بكر محمد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية التربية- قسم اللغة الكوردية
mohammed.bakir@su.edu.krd

**ملخص**

يتناول هذا البحث الموسوم (قلق الوجود بين الشعر والفلسفة لدى هيدجر _ ديوان صباح رنجدر نموذجا) الدور المؤثر لموضوعة قلق الوجود في فلسفة (مارتن هيدجر) في بلورة تركيبة حقيقة الوجود المتعددة الجوانب , لذا رأينا من الضروري تخصيص هذا البحث لتلك الموضوعة مستعينين في ذلك بقصائد ديوان (سنة الصفر) للشاعر (صباح رنجدر) , وقد وجدنا بعد دراسة الموضوع و توضيح الاسس الوجودية لعنصر قلق الوجود في فلسفة (هيدجر) بأن هذا العنصر يؤدى ثلاث وظائف في بلورة مفهوم الحقيقة من وجهة نظر (هيدجر) هي :

1- التوصل لماهية الحقيقة .
2- امتلاك حرية الوجود .
3- العدم باعتباره وسيلة لفهم الوجود الحقيقي .

وقد تناولنا تلك الوظائف من خلال مشروع الشعر واللغة الشعرية التي اعتبرها (هيدجر) اللغة الاصيلة لكشف حقيقة الوجود من خلال تحليل نماذج شعرية من ديوان الشاعر (رنجدر) .

**الكلمات الدالة:** القلق، الوجود، قلق الوجود، هيدجر، حقيقة الوجود.

**Existential anxiety between Heidegger's poetry and his philosophy - Sabah Ranjdar's poetic group as a model**

**Shrmen Ibrahim Azeez** **Muhammed Bakir Muhammed**
Department of Kurdish Language - College of Education / Salahaddin University-Erbil
shrmen.azeez@su.edu.krd mohammed.bakir@su.edu.krd

**Abstract**

This investigation entitled (Existential anxiety between Heidegger's poetry and his philosophy - Sabah Ranjdar's poetic group as a model), deals with the influential role of the subject of Existential Anxiety in the philosophy of (Martin Heidegger) in highlighting the multifaceted structure of the reality of existence. Sabah Ranjdar's poetic group entitled (The Year of Zero) has been selected to dedicate this research to that topic, using his poems samples. After studying the subject and clarifying the existential foundations of the element of existential anxiety in Heidegger's philosophy, we found that this element performs three functions in crystallizing the concept of truth from Heidegger's point of view:

1- Finding out what the truth is.
2- Having the freedom to exist.
3- Nothingness as a means of understanding real existence.

We have dealt with those functions through the project of poetry and poetic language, which Heidegger considered the authentic language to reveal the truth of existence by analyzing poetic models from the poet's (Rangdar) collection.

**Keywords:** Anxiety, existence, anxiety of being, Heidegger, the reality of being.